دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە٦٩٢، چوار شەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٤ی ژانویەی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی سەری ساڵی زایینییەوە



بە بۆنەی جێژنەکانی لەدایکبوونی عیسای مەسیح درووودی خوای لەسەر بێ و، سەرەتای ساڵی زایینیی ٢٠١٧، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو مەسیحییەکانی جیهان بە تایبەت مەسیحییەکانی نیشتەجێی کوردستانی ئێران دەکەین.

بەهیوای ساڵێکی پڕ لە ئاشتی و خۆشی بۆ هەموو لایەک، بە تایبەت ئەو مەسیحییانەی کەوتوونەتە بەر قەڵاچۆ کردن و زەبروزەنگی کۆمەڵێک تاریکبیر و دواکەوتوو کە لە ژێر ناوی ئیسلامدا ئارامی و ئاشتیی مەسیحییەکان دەشێوێنن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سکرتێری گشتی**

**مستەفا هیجری**

**١١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی**

**٣١ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینی**




جاڕنامەکەی ڕۆحانی، لە کۆیە دەنگی دایەوە

٤



مامۆستایانی قوتابخانە لە ژێر ستەمی ویلایەتی فەقیهدا

٥



ئاوەزی فەرهەنگیی و کاریگەرییەکانی لە کۆمەڵگا

٧



«پ.ی.د دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکە و...»

١٠

# ڕاسان دەمامکی مافی مرۆڤیی بەکرێگیراوان لادەدات

پڕوپاگەندەی ناڕاستی ڕێژیمی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی لە دژی سیاسەتی حەکیمانە و شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، و لە سەرووی هەموویانەوە «دروستبوونی یەکگرتوویی نێوان خەباتکارانی مەدەنی و سیاسیی و خەباتی شاخ» ئەمجارەیان لەژێر دەمامکی مافی مرۆڤدا! سەری هەڵداوە.

لە هەوڵێکی چەواشەکارانەی دیکەدا، یەکێک لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە ناوی «عەلی سادقی» بەرپرسی ناوەندی دژی مرۆیی ناسراو بە «داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، کرماشان و ئیلام» و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ وێبسایتی حکومەتیی «مرصاد نیوز»، یەکێک لە ماڵپەڕەکانی سەر بە سپای تێرۆریستی پاسداران، لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕایگەیاندووە: «ئێمە چالاکییەکانی ئەو حیزبانە لەژێر ناوی «ڕاسان»دا بە پشتیوانیی وڵاتانی ناوچەکە دەبینین، وەها کە حیزبی دێموکرات ئامانجەکانی خۆی بە خەباتی مەدەنی و سیاسی و گرێدانی ئەو خەباتە بە شاخ یان هەمان چالاکیی «تێرۆریستی» وەسف کردووە».

ئەم بەکرێگیراوەی ڕێژیم وێڕای چاونوقاندن لەسەر ڕاستییەکانی کوردستان و وەپاڵدانی جینایەتەکانی ڕێژیم بە حیزبە خەباتکار و مۆدێرنەکانی کوردستان، بانگەشەی ئەوە دەکات کە حیزبەکانی کوردستان دەستیان لە تێرۆری کەسایەتییە مەدەنییەکان و مامۆستایانی ئایینیی کوردستان، منداڵان و ژنان و شارۆمەنداندانی کورددا هەبووە.

ئەم بەکرێگیراوەی ڕێژیم کە نانی دانانی دەمامکی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەخوات، لە وتەی گاڵتەجاڕانەی دیکەدا گوتوویە کە: «بەڵگەنامەی تاوانەکانی کۆمەڵە و دێموکرات ڕادەستی ناوەندە نێونەتەوەییەکان دەکەین، و دەشڵێت کە؛ ڕاپۆرتەکان باس لە کەڵکئاوەژۆ وەرگرتن لە ژنان لەو حیزبانەدا دەکەن».

خۆفرۆشی ناوبراو لەحاڵێکدا پرسی بەرابەری ژن و پیاو لە حیزبە کوردییەکاندا بە «باپیڤان» ناوزەد دەکات کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرنامە و ئەساسنامەی خۆیدا جەختی کردۆتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پارێزەری بەرابەریی کۆمەڵایەتی و خوازیاری سڕینەوەی ئەو هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیانەیە کە لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا بەرانبەر بە ژنان دەکرێت.

عەلی سادقیی بەکرێگیراو، هەروەها ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید سەبارەت بە خراپیی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بە هەڵێنجاوی ڕاپۆرتەکانی حیزبەکانی کوردستان دەزانێت.

لەسەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئێرانەوە هەتا ئێستا، ئەم ڕێژیمە لە کوردستان لە کۆمەڵکوژی، تێرۆر، دەستبەسەر کردن، ئێعدام، دەستدرێژیی بۆسەر ناموسی خەڵک و هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانەی دیکە، کە شوناس و پێناسەی ڕێژیمێکی فاشیستیی کۆنەپارێزی داگیرکەر بێت، نەپرینگاوەتەوە؛ کەچی لێکۆڵینەوە لەم تاوانانە هەرگیز لە بازنەی ئەرکەکانی وەها ڕێکخراوێکدا نەبووە کە لەژێر ناوی مافی مرۆڤدا، هەوڵی پاساو هێنانەوە و دوورخستنەوەی بیروڕای گشتی لە پێشێلکاریی ئاشکرای مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمەوە دەدات.

تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، ڕێبەرانی شەهیدی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات و کەسایەتیگەلێک وەکوو مامۆستا مەلا محەممەدی ڕەبیعی لە لایەن دامودەزگا تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چەند نموونەی بەرچاون کە نیشان دەدەن تۆمەت هەڵبەستنی بێبنەمای ئەم بەکرێگیراوەی ڕێژیم لە دژی حیزبەکانی کوردستان، لە ڕاستیدا وێنا کردنی ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ڕێژیمێکە کە خودی خۆی وەکوو بەکرێگیراوێکی ئەو ڕێژیمە، هەموو سنوورە ئەخلاقییەکانی بۆ بەزاندووە.

## پەیڤ

### جەماوەری ڕاسان

**کەریم پەرویزی**

ڕاسانی ڕۆژهەڵات، قۆناغی نوێ و فەسڵێکی دیکە لە کتێبی پڕلاپەڕە و پاژی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە دەیان ساڵە دژ بە ستەمکاری و بۆ سەلماندنی ئیرادەی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیان تێ دەکۆشن و قوربانی دەدەن و شانازی تۆمار دەکەن و حەماسە دەخولقێنن.

ئەم فەسڵە لە کتێبی خەبات لە پێناوی ئازادیدا، فەسڵێکی ئەستەم و دژوار و لە هەمان کاتدا فەسڵێکی پڕ لە ڕووداو و دیاردە و ڕەمز و ڕازی نوێیە و پێویستی و دەرەتان و هەڕەشەی نوێی لەگەڵە. خەباتی کورد و کوردستان لە پێناوی ئازادیدا و بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەیی و کۆمەڵگایەیکی ئازاد و گەشەکردوو، خەباتێکی تاک ڕەهەندی و لە پێناوی بەرژەوەندیی تاکە چین و گرووپێکدا نیە. خەباتێکی کاتی و لە قۆناغێکی زەمەنیی تایبەتیشدا نیە کە گرێدراوی دۆخێکی تایبەتی ناوچەیی و دەوروبەر بێ و کە کات تێپەڕی ئیدی ئاسەوارێک لە کەفوکوڵی نەمێنێ و ببێ بە ئاردی نێو دڕک!

خەباتی نەتەوەیەکە کە مافی لێ زەوت کراوە و نەتەوەیەکە کە دەیەوێ وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان لە پەنا ئەواندا بە یەکسانی و بە ئازادی بژیت. ئازادییش تەنیا ئازادیی سیاسیی تاک ناگرێتیەوە، بەڵکوو قووڵتر لەوە؛ مانای ئیرادەی ئازادی ژیان و بڕیار دەدا کە چ وەک تاک و چ وەک گرووپ و چ وەک چین و توێژ و لە هەموویان گەورەتر، نەتەوەیەک مافی جەوهەرییان هەیە کە ئازاد بژین و بوونیان لە سەر خاکی خۆیان بە خەیاڵ و ناسنامە و ئیرادەی خۆیانەوە بسەلمێنن و بنەخشێنن.

خەباتێک وەها درێژمەودا و پڕ نێوەڕۆک و بە چاو لە ئاسۆیەکی گەش و دوور و ڕوونەوە، تەنیا لە سەر شانی گرووپێک و چینێک نیە. خەبات بۆ بەرژەوەندی و ویستەکانی گرووپێکی تایبەتیش نیە، لە کۆتاییدا خەباتێکە کە هەموومان وەکوو مرۆڤی ئازاد و شایی بەخۆ و یەکسان، لە نیشتمانێکی گەشاوە و ئازاددا پێکەوە بژین.

لێرەدایە کە دەگەین بەو ئەساس و بنەمایەی کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە بە ئەزموون لە فەسڵەکانی پێشووی کتێبی خەبات لە پێناوی ئازادیدا و بە چاو لە وەرزەکانی داهاتوو دەیەوێ بە ورە و هێزی کاریگەرەوە پێشڤەچێ، دەبێ هەموو

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# بریتیش پێترۆلیۆم لە ترسی ترامپ نەهاتە ئێران



کۆمپانیای بریتیش پێترۆلیۆم کە مێژووی سەدەیەک هاوکاریی نەوتی لەگەڵ ئێرانی هەیە، پاش هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ دەستی لە بەشداریی لە پەرەپێدانی پرۆژە نەوتییەکانی ڕێژیمی ئێران ڕاگرتووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی «فاینێنشناڵ تایمز»، کۆمپانیای «بی‌پی» بەڵگەنامەی داخوازیی بەشداری لە تەندەرە نەوتییەکانیشی بۆ وەزارەتی نەوتی ئێران بەڕێ نەکردووە.

ئەم ڕۆژنامە ناسراوەی بریتانیا نووسیویە: «سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئاریکادا، بووەتە هۆی دوودڵیی بریتیش پێترۆلیۆم سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی لە ئێران».

فاینێنشناڵ تایمز لە درێژەدا نووسیویە: «پاش ڕێککەوتنی ناوکی، هەندێ لە گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر ئێران هەڵگیران و زۆرێک لە کۆمپانیا بیانییەکان ئامادەیی خۆیان بۆ وەگەڕخستنی سەرمایە و بەشداریی ئابووری لەم وڵاتە ڕاگەیاند. لەو نێوانەدا، وەگەڕخستنی سەرمایە لە پیشەی نەوتی ئێراندا سەرنجی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وزەی بۆلای خۆی ڕاکێشا؛ بەڵام بە سەرنجدان بە مێژووی دوورودرێژی هاوکارییەکانی ئێران و بریتیش پێترۆلیۆم (بی‌پی)، ئەم کۆمپانیا گەورەیەی بریتانیا لە وەگەڕخستنی سەرمایە لە پرۆژە نەوتییەکانی ئێراندا خۆی بوارد».

ئەو ڕاپۆرتە باس لەوەش دەکات کە؛ کۆمپانیاکانی دیکەی ئامریکاش وەکوو «ئەکسۆن مۆبیل» و «شۆرۆوێن»یش، لە ئێستادا بەرنامەیەکیان بۆ بەشداری لە پرۆژەکانی ئێراندا نییە.

لەهەمانکاتدا، وێبسایتی «بیزینێس ئینسایدێر» لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی «چ ڕووداوگەلێک لە ساڵی ٢٠١٧دا ڕوودەدەن؟» لە بەشی پێوەندیدار بە ئێراندا، ئاماژەی بە ڕێککەوتنی ناوکی کردووە و نووسیویە: «ترامپ بەرجام نادڕێنێت، بەڵام لەبریی ئەوە، بۆ شکست دانی حکومەتی ئێران، کەشێکی ژەهراویی لە پێوەندی لەگەڵ وەگەڕخستنی سەرمایە لە ئێران دەخولقێنێت و لە هێزی نەرم بۆ پەشیمان کردنەوەی کۆمپانیاکان و هاوپەیمانانی ئامریکا لە وەگەڕخستنی سەرمایە لە ئێران کەڵک وەردەگرێت».

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تەقینەوەی تێرۆریستی لە بەردەم بنکەی سەرەکیی هاوڕێیانی پێشوو

هاونیشتمانیانی بەڕێز،
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان،

ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، کاتژمێر ١٠ی شەو (٢٠ لەسەر ٢١ی دێسامبری ٢٠١٦)، لە بەردەم بنکەی سەرەکیی هاوڕێیانی پێشوومان لە قەڵای نزیک شاری کۆیە، دوو تەقینەوەی تێرۆریستی ڕوویان دا و لە ئاکامدا بەپێی زانیارییەکانی کە تا سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١ی بەفرانبار(٢١ی دێسامبر) بڵاو بووەتەوە، بەداخەوە پێنج کەس لە پێشمەرگە و منداڵی بنەماڵەکان و مفەوزێکی ئاسایشی کۆیە لەم کارەساتەدا شەهید بوون و هەروەها چوار کەسی دیکەش بریندار بوون.

ئەوەی کە تا ئێستا بڵاو بۆتەوە و زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کردەوەکە کردەوەیەکی تێرۆریستیی بەرنامە بۆداڕێژراو بووە و تەقینەوەی یەکەم بۆ هاندان و سەرنج ڕاکێشان بووە، تاکوو لە تەقینەوەی دووهەمدا زیانی گیانیی زۆرتر بگەیەنن، و ئەم شێوە کردەوە دژە مرۆییە لە شێوازەکانی تەقینەوە و کردارەکانی کۆماری ئیسلامی دەچن کە ساڵانی پێشوو بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکەی دژبەری کۆماری ئیسلامی بەکاریان بردووە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات وێڕای هاوخەمی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان، هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە و بنەماڵەکانیان و هەروەها هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو کارمەندەی ئاسایشی کۆیە و هاوکارەکانی، هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین و جارێکی دیکە دەستی ڕەشی تێرۆر و سەرچاوەی تێرۆریزم لە جیهاندا، واتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین.

ئەم کردەوە تێرۆریستییە جارێکی دیکە نیشانی دایەوە کە تێرۆر و سەرچاوەی تێرۆیزم لەگەڵ هەموو بنەمایەکی ئازادی و مرۆیی ناتەبایە و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەڕەشەیەکی جیهانییە بۆ سەر ژیانی ئینسانی .

ڕۆحی شەهیدان شاد و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندااران

نەمان بۆ تێرۆریستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی سەرچاوەی تێرۆر

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی
٢١ی دیسامبری ٢٠١٦ی زایینی

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی مانگرتنی زیندانیانی سیاسییەوە

ئازادیی زیندانیانی سیاسی، داواکاریی هەموانە

هاونیشتمانیانی بەڕێز،
گەلانی ئازادیخوازی ئێران
کۆڕ و کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکان،

هەروەک لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو بۆتەوە، ژمارەیەک زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا دەستیان داوەتە مانگرتن و بۆ ماوەیەکی زۆرە کە مانگرتنەکەیان بەردەوامە.

بەتایبەتی نێوی کەسانی وەکوو ئارەش سادقی، سەعید شیرزاد، عەلی شەریعەتی، نزار زەکا و محەممەدعەلی تاهیری، زیاتر لە هەمووان دەوترێتەوە، چوونکە مانگرتنەکەیان درێژەدارتر بووە و گیانیان لە مەترسیدایە.

لە نێو ئەو زیندانیانەدا سەعید شیرزاد کوردە و ئارەش سادقیش خۆی لەبەر بیروڕای جیاواز زیندانی ١٥ ساڵەی بۆ بڕاوەتەوە و بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە دەستبەسەرکرانی هاوسەرەکەی، دەستی داوەتە مانگرتن.

خەڵکی ئازادیخواز،

ئەم چەند کەسە لە زیندانیانی سیاسی، تەنیا ئەو ژمارەیەن کە مانیان لە خواردن گرتووە، دەنا لە زیندانەکانی ئێراندا بە سەدان و هەزاران کەس دەستبەسەر کراون و لە چاڵەڕەشەکاندا تووشی ئەشکەنجە و ئازار دەبنەوە و تەنیا بە تاوانی بیرکردنەوە و جیاوازیی سیاسی و ئایینی و تێکۆشان بۆ ئازادیی خەڵکەکەیان.ئەم ژمارە زۆرەی زیندانیی سیاسی لە ئێراندا لەکاتێکدایە کە دەوڵەتی ئاغای ڕۆحانی وادە و بەڵێنیی درۆینەی بە خەڵک دەدا و هەر لە ڕۆژانی ڕابردوودا پەردەی لە سەر چەواشەکارییەکی دیکەی، بە ناوی مەنشووری شارۆمەندی هەڵدایەوە.

ئەرکی پشتیوانی لە خەڵکانی ئازادیخوازی ئێران و بەتایبەت پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی ئەرکێکی گشتگیر و جیهانیە و داوامان لە هەموو ئازادیخوازان و هەموو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان ئەوەیە کە گوشار بۆ ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بێنن کە بە بێ هیچ هەڵاواردنێک هەموو زیندانیانی سیاسی و یەک لەوان ئارش سادقی کە بە بۆنەی مانگرتنە درێژخایەنەکەیەوە مەترسیی گیانلەدەستدانی هەیە، ئازاد بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١١ی بەفرانباری ١٣٩٥
٣١ی دێسامبری ٢٠١٦

# چەندین حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی "یەکیەتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان" بە سەرپەرەستیی غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانی کرد و لە لایەن شاندێك بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا هەر دوولا وێڕای باسکردن لە سەر کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە کوردستانەوە، لە سەر پێویستیی هاوکاری و هاوئاهەنگیی زیاتر لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی هاوبەشی هەڕەشەکانی بەردەم گەلی کورد پێداگرییان کردەوە.

لە دیدارێکی دیکە و هەر لەو ڕۆژەدا، شاندێکی هاوبەشی پارتی دێموکراتی کوردستان لە باکوور بە سەرپەرەستیی "سەرتاج بۆجاك"، پارتی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرپەرەستیی "وەلی هەکاری"، پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان بە سەرپەرەستیی هەڤاڵ بۆتان و پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە (PDKT)بە سەرپەرەستیی محەممەدئەمین قارداش، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێك بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا باسێکی سیاسی لە سەر بارودۆخی سیاسیی کوردستانی باکوور، تورکیە و کوردستانی باشوور پێشکەش کرا. پاشان لەسەر هەلومەرجی سیاسیی کوردستانی خۆرهەڵات و کردەوە دزێوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت چالاکانی کورد و خەباتکارانی خۆرهەڵات ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. لە کوتاییدا هەر دوو لا پێداگرییان لە سەر بەردەوام بوونی پێوەندییەکانیان کردەوە.

هەر لەو ڕۆژەدا شاندێکی پێکهاتوو لە بەڕێزان "عومەر عەنایەت" پارلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان و "سالار مەحموود" پارلەمانتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پارلەمانی هەرێمی کوردستاندا و "جەعفەر حامیدی" کەسایەتیی سیاسیی کوردستانی خۆرهەڵات سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێك بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنەکەدا هەلومەرجی هەرێمی کوردستان باس کرا و پاشان لە سەر بارودۆخی سیاسیی کوردستانی خۆرهەڵات و بزووتنەوەی کورد لەو بەشەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە سەرەخۆشیی قوربانیانی کارەساتی ٣٠ی سەرماوەزدا کرد

وەفدێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شەهیدانی کارەساتی تەقینەوەی بەردەم قەڵا و هەروەها ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشییاندا کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، وەفدێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز مستەفا هیجری، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدانی کارەساتی تەقینەوەکەی شەوی ٣٠ی سەرماوەزدا کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەداخبوونی لەو کارەساتە و هاوخەمیی خۆی بە هاوڕێیانی پێشوو ڕاگەیاند و لە نزیکەوە سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی قوربانیان و شەهیدانی ئەو کارەساتە کرد. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١ی بەفرانبار، هەیئەتی دەفتەری سیاسی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدانەدا بەشداربوو، کە لە نێو ئاپۆرای جەماوەر و بە بەشداریی هێز و لایەن و کەسایەتیی سیاسیی فراوان، تەرمی ئەو شەهیدانە بەخاک سپێردرا.

جێگای ئاماژەیە کە شەوی ٣٠ی سەرماوەز، کاتژمێر ١٠ی شەو، دوو تەقینەوە لەبەردەم قەڵا، بنکەی هاوڕێیانی پێشوو ڕوویان دا کە لەو کردەوە تێرۆریستیەدا چوار پێشمەرگە و کورێکی بنەماڵەی پێشمەرگەیان شەهید بوو و دوو کارمەندی ئاسایشی کۆیەش شەهید بوون.

## ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو

ڕێوڕەسمی شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێوەچوو.

شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەزی ٢٧١٦ی کوردی، لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە، کاتژمێر ١٩:٣٠ خولەکی ئێوارە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو کە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە دەست پێکردووە و هەروەها ڕێزگرتن لە داب و نەریتێکی کۆنی کوردەواری واتە شەوی یەلدا، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە پێشمەرگە، بنەماڵە، میوان و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە کورتەباسێک لەسەر مێژوو و داب و نەریتی کۆنی کوردەواری و خەسارناسیی هاتنەئارای تێکنۆلۆژی و دونیای پەیوەندییەکان دەستپێکرد.

پاشان ڕێزان مەقرووزی ئەندامی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان پەیامی یەکیەتیی لاوانی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

دواتر ماموستا پەرویز ڕەحیم قادر ماموستای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، باسێکی لەسەر "یادی یەلدا و کەسایەتی دوکتور قاسملوو" پێشکەش کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا مۆمی هەشتاوشەش ساڵەی یادی "لەدایک بوونی دوکتور قاسملوو" لە لایەن دارا ناتق و فواد خاکیبەیگی دوو سکرتێری پێشووتری یەکیەتیی لاوان، هەڵکرا.

وەک نەریتێکی هەر ساڵە و لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی شەوی یەلدادا چەند کۆپلە شێعرێکی شاعیران نالی و مەحوی لە لایەن شاعیری کوردستانی ڕۆژهەڵات ناهید حسینی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕسمەدا، هونەرمەندی ناوداری کورد تاهیر خەلیلی لەو بۆنەیەدا بە چەند سروود و گۆرانییەک ڕێوڕەسمەکەی زیاتر ڕازاندەوە.

دواتر شاعێری ڕاسانی ڕۆژهەڵات فەرەیدوون ئەرشەدی یەکێکی دیکە لە بەشدارانی مەڕاسمی شەوی یەلدا بوو کە لە ڕێگەی وایبێرەوە شێعرێکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

هەروەها لە بڕگەیەکی دیکەدا لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە بە نیشانەی ڕێز و بەرز نرخاندنی تێکۆشانی ئەو شاعیرە لە ڕاستای بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بە فەرەیدوون ئەرشەدی کرا.

دواتر هونەرمەندی پێشمەرگە غولام فاتحی لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا بە چەند سروود و گۆرانییەک ڕێوڕەسمی شەوی یەلدای زیاتر ڕازاندەوە.

لە بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا هەرکام لە "خاڵۆ کوردین، زریوە خاکی، سرێوان کرماشانی" بە شێعر و پەخشان ڕێوڕەسمەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

بەو هۆیەوە کە شەوی یەلدا ڕێوڕەسمێکی کۆنی کوردەوارییە، بۆ ڕێزگرتن لە داب و نەریت و فولکلۆری کوردی، بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بۆ نمایشی جلوبەرگی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات تەرخان کرابوو و نمایش کران.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا لە لایەن ناوەندی نێرگزەوە دیاری پێشکەش بەو منداڵانە کرا کە ئەمساڵ پێیان ناوەتە قۆناغی خوێندن.

"هەنار" لە فەرهەنگی کۆنی کوردەواریدا سیمبۆلی شەوی یەڵدایە، وەکوو زیندوو کردنەوەی ئەو سیمبولە، ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەش کردنی هەنار بە میوانانی شەوەکە کۆتایی پێهێنرا.

# هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان کردەوەی تێرۆریستی بەردەم دەفتەری سیاسیی هاوڕێیانی پێشوویان مەحکووم کرد

لە کۆبوونەوەیەکدا هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان کردەوەی تێرۆریستیی بەردەم دەفتەری سیاسیی هاوڕێیانی پێشوویان مەحکووم کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٥ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، کۆبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە هەر چوار بەشی کوردستان بە مەبەستی مەحکووم کردن و هاودەردی لە بەرانبەر کردەوە تێرۆریستیەکەی شەوی ١ی بەفرانباری ١٣٩٥ لە بەردەم دەفتەری سیاسی هاوڕێیانی پێشوو بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا، هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدارییان کرد.

قادری لەو کۆبوونەوەدا هەڵوێست و نەزەری حیزبی دێموکراتی بە ئاگاداریی بەشدارانی کۆبوونەوەکە گەیاند و لە بەشێک لە قسەکانیدا جارێکی دیکە کردەوەی تێرۆریستی بە گشتی و بەتایبەت کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرد، و هاوخەمیی حیزبی بۆ بنەماڵەی شەهیدەکان دەربڕی.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە؛ کۆماری ئیسلامی لە هاتنە سەر کاریەوە هەموو داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردی لە ڕێگای ئاشتیانەوە بە تێرۆر وەڵام داوەتەوە، هەر بۆیە پێویستە سەرەتا هەموو هێز و لایەنەکانی کوردستانی خۆرهەڵات یەکڕیز و یەکدەنگ بن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی هاوبەشیان لە چوارچێوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەبێت و هەروەها پێویستە دەزگا و بەشە ئەمنییەتییەکانی حیزب و لایەنەکانی کوردستانی خۆرهەڵات لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوکاریی کردەیی بۆ کەم کردنەوەی پیلانە مەترسیدارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت.

## شەوی یەلدا لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو

شەوی یەلدا شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملووی مەزن لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

کاتژمێر ٨ی شەوی سێشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٨٦ـەمین ساڵی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو ڕێبەری ناوداری کورد، لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لەو شارە بەڕێوە چوو.

مەراسیمەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر لە لایەن تۆفیق کازمی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات بەخێرهاتنی میوانەکان کرا.

پاشان "تاهیر مەحموودی" بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە سلێمانی بە بۆنەی شەوی یەلداوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و دواتر بە سەرنجدان بە هاوکاتبوونی شەوی یەلدا لەگەڵ ساڵرۆژی لەدایکبوونی نەمر دوکتور قاسملوو، وێڕای ئاماژە بە ڕۆڵ و نەقشی دوکتور قاسملوو لە خەبات بۆ ڕزگاریی گەلی کورد، ئاوڕێکی لە ژیانی پڕ بەرهەمی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەی گەلەکەمان دایەوە.

هەروەها لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتەوە لەوحێکی ڕێزلێنان پێشکەش بە "ڕۆخزاد سلێمانپوور" کرا.

دواتر بە بۆنەی شەوی لەدایک بوونی مامۆستای دێموکراسییەوە، چەند پارچە شێعر و پەخشان لە لایەن بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەوە پێشکەش کران.

ڕێوڕەسمەکە دوای دوو کاتژمێر بە هەڵپەڕکێی میوانەکان لە فەزایەکی شاددا کۆتایی هات.

## هەوڵێکی نەزۆکی دیکە دژ بە ڕاسان دەستی پێکرد

لە درێژەی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دژایەتی کردنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ئەمجارەیان محەممەد حوسێنیی‌شاهروودی هاتەسەر هێڵ.

محەممەد حوسێنیی‌شاهروودی، نوێنەری عەلی خامنەیی لە کوردستان بە کۆکردنەوەی هەواڵنێر و بەرپرسی دەزگا تەبلیغییەکانی سەر بە دەزگای بەدناوی بەسیجی ڕێژیم، باسی لە پێویستیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کەسانە بەرانبەر بە ڕەوتی ئازادیخوازی لە کوردستان و بەتایبەت ڕاسانی ڕۆژهەڵات کرد.

ناوبراو لەم کۆبوونەوەیەدا بەم نۆکەرە ئاڵقەلەگوێیانەی ڕاگەیاندووە: ئێوە وەک سەربازانی شەڕی نەرم کە ئەرکی چاو و گوێی نیزام دەگێڕن، نابێ لە ئاست کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن کەمتەرخەم بن و پێویستە لەدژیان بوەستنەوە.

شاهروودی لە بەشێک لە قسەکانیدا ئاماژەی بە حوزووری پێشمەرگەکانی کوردستان لە نێو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە و وتوویەتی: ئەم لایەنانە دەیانهەوێ ناهۆمێدی بخەنە نێو دڵی خەڵکەوە، کە ئێوە دەبێ ڕێگری لەم ڕەوتە بکەن.

لە پاش ڕاگەیاندنی ڕاسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە حوزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، کۆماری ئیسلامی بە تەواوەتی وەخۆ کەوتووە و لە هەموو بیاڤەکاندا لە هەوڵی کەم بایەخ نیشاندانی کاریگەرییەکانی ڕاساندا بووە.

لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا جگە لە هێرشی سەربازیی هێزە چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە هەندێک حاڵەتدا شەڕی خوێناویی لێکەوتەوە و دەیان بەکرێگیراوی ڕێژیم کوژران، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە لە ڕێگەی ڕاگەیەنەکانی خۆی و دەزگای دیپلۆماسی و دانی وادە و بەڵێنی بە خەڵکی نەفس نزم، بەرەوڕووی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات ببێتەوە کە لە نەورۆزی ئەمساڵدا لەلایەن بەڕێز کاک مستەفا هیجرییەوە ڕاگەیەندرا.

## شەوی یەلدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پیرۆز کرا



ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، شەوی یەلدایان بەرز ڕاگرت.

لە شارەکانی پیرانشار و ورمێ یادی شەوی یەلدا و ٨٦ەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی ڕێبەری بلیمەت دوکتور قاسملوویان پیرۆز کرد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو شارانە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، نووسینی دروشم و دروست کردنی کەیک و شیرینی، شەوی یەلدا و لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی دوکتور قاسملووی نەمریان پیرۆز کرد.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تێدا بەڕێوە چوو بریتین لە: گوندەکانی قۆڵنجی، شوێنەواری مێژوویی خان تەختیی جاددەی سەڵماس، گۆلە گەنی، حەشتیان، کینسێ، جلغەران، جۆهنی، باوان، گێچێ، قەسرک، سورمان ئاباد، مینگۆل، جەتەر، یەنگیجە، سیدان، مەمەکان، گەلیێ سیدا، سۆرگۆل و تەمر و هەروەها ماکۆ کەندی، خراپە، سنجی، گوڵ تەپە، تازەکەند، قەرالەر، بلووک ئاوا و گەلە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

شۆڕەسوارانی دێموکرات لە شاری مەریوانیش بە بۆنەی شەوی یەلدا شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو لە گوندی ئەوێهەنگی ژاوەرۆی مەریوان تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوشاری ڕەبەت و بەرزایی گردەگرۆ، بە نووسینی دروشم و چالاکیی تەبلیغی، شەوی یەڵدایان، بە تێهەڵکێش کردنی وێنەی چەکی ڕاسان و ئارمی حیزبی دێموکرات بەرز ڕاگرت.

## ئورووپا لە نزیکبوونەوەی تورکیە لە ڕووسیە دەترسێت

بڵاوکراوەیەکی ئاڵمانی باسی لە ترس و دڵەڕاوکێی ئورووپا سەبارەت بە پشت کردنی تورکیە لە ڕۆژئاوا و نزیکبوونەوەی لە ڕووسیە کردووە.

حەوتوونامەی «ئێشپیگێل» لە بابەتێکیدا هێناویە: «لە یەکیەتیی ئورووپا ئەو نیگەرانییە پەرە دەستێنێ کە ئەم وڵاتە پشت لە هاوپەیمانیی ڕۆژئاوا بکات و وێلادیمیر پووتین جێگرەوەی ئەو هاوپەیمانییە بکات».

«ئێشپیگێل» لە بەشێکی دیکەی ئەو بابەتەدا هێناویە: «لە کاتی کودەتای نیزامیی مانگی جولای لە تورکیەوە تا ئێستا، ئەردۆغان ٤٠ هەزار کەسی دەستبەسەر کردووە و هەزاران کارمەندی لەکار لاداوە و زۆرێک لە ڕاگەیاندنەکانیشی داخستووە».

یەکێک لە نوێنەرانی سوسیال دێموکراتی پارلمانی ئورووپا لەو پێوەندییەدا ڕایگەیاندووە کە؛ بەدڵنیاییەوە ئانکارا مافی خۆیەتی لەبەرانبەر تێرۆریسمدا داکۆکی لە خەڵکەکەی خۆی بکات. بەڵام لەو پرسەدا بەو ڕەوتەی کە گرتوویەتەبەر بۆی جێبەجێ نابێت. واتە بە زیندانی کردنی دەیان هەزار کەس و یان بێکار کردنیان».

ئەردۆغانیش لە بەرانبەردا ئەو ڕەخنەیە لە یەکیەتی ئورووپا دەگرێت کە؛ بوونەتە دوورگەی ئارامی تێرۆریستانی داعش.

تورکیە بەمەبەستی ترساندنی ئەندامانی دیکەی ناتۆ، بیری لە دانوستان لەگەڵ ڕووسیە سەبارەت بە سیستمێکی بەرگریی مووشەکی کردۆتەوە. هەروەها لە مانگی نۆڤامبری ڕابردوودا، سەرۆک کۆماری تورکیە ڕایگەیاندبوو کە چیدیکە بە هەموو نرخێک نایهەوێ ببێتە ئەندامی یەکیەتی ئورووپا.

## خەڵکی کوردستان ڕێز لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانیان دەگرن

خەڵکی شاری کامیاران وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی حیزب و گەل، بە شێوەیەکی بەرچاو لە پرسەی کۆچکردوو هووشەنگ پەرویزیدا بەشدارییان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کاک هووشەنگ پەرویزی کوڕی شەهید تاهیر پەرویزی، شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکێکی یەکجار زۆر بەشدار بوون.

جێگای ئاماژەیە کە شەهید تاهیر پەرویزی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە ساڵی ١٣٥٩ لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا شەهید بوو و بەشداریی بەرفراوانی خەڵک لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کۆچکردوو هووشەنگ پەرویزیدا وەک وەفادارییەک بۆ بنەماڵەی شەهیدان و تێکۆشەرانی گەل بووە و نیشاندەری ڕێز و خۆشەویستیی خەڵک بۆ ڕۆڵە فیداکارەکانیەتی.

کاک هووشەنگ خەڵکی گوندی "ئەڵک" سەربەشاری کامیاران بوو، کە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد و خەڵکی ناوچەکە بە نیشانەی ڕێزگرتن لەبنەماڵەی شەهید، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرەخۆشیەکەیدا بەشدارییان کردوە.

## کۆمیتەکانی حیزب لە ئۆروپا تەقینەوەکەی شەوی یەڵدایان شەرمەزار کرد

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاند، ئۆتریش و هۆلەند بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی شەهیدانی تەقینەوەی ٣٠ سەرماوەزدا کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی فینلاند و هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەرپرسی کۆمیتەی گشتی عەلی مورادی، مەهتاب مەحموودی بەرپرسی یەکیەتی ژنان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە پێشکەش کردنی تاجە گوڵینە هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی تەقینەوەی بەر یەکێک لە مەقەرەکانی هاوڕێیانی پێشوو دەربڕی و ئەو کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان کە ئامانجی لە ناوبردن و خەفەکردنی دەنگی ڕەوای گەلی کوردە مەحکوم کرد.

ڕۆژی پێنجشەممەش ڕێکەوتی ٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی هاوڕێیانی پێشوو لە ئۆتریش، بە بەشداریی نوێنەری هێز و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، میتینگێک بۆ شەرمەزارکردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی ٣٠ی سەرماوەز، لە بەردەرکی سەفارەتی ئێران لە شاری ڤییەن پێکهات و ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئۆتریش لە سەر ئەم بانگەوازە بەشداریی میتینگەکەیان کرد.

هەروەها ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، بە بەشداریی نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان و دانیشتوانی کورد لە هۆلەند، بە مەبەستی شەرمەزارکردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلدا لە شاری کۆیە، لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری دێنهاخ لە وڵاتی هۆلەند کۆبوونەوەیەکی نارەزایی بەڕێوە چوو کە تێیدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هۆلەند بەشدار بوون.

## ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب لە ناوچەی سەردەشت کۆچی دوایی کرد



ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب و برای شەهیدێکی سەرفرازی گەل، لە ناوچەی سەردەشت ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، کاک قادر مەولانی کوڕی حەمە درویش و برای شەهید عەزیز مەولانی، خەڵکی گوندی ڕەشە هەرمێی ناوچەی هوملّی سەردەشت، لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک قادر مەولانی کە لە کیمیابارانی سەردەشتدا دوو کوڕ و کچێک و هاوسەرەکەی لەدەستدابوو و بە عومەری خاوەری ڕۆژهەڵات ناوبانگی دەرکردبوو، کەسایەتییەکی خۆشناو و جێگەی بڕوای خەڵکی ناوچەکە بوو و وەک ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب بەردەوام چالاکیی هەبووە.

برایەکی کاک قادر بەناوی عەزیز لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی چەکی پیشمەرگایەتی لە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کردە شان و لە هێزی موعینیی ئەوکاتدا سازمان درا و هەتا ساڵی ١٣٦١ لە کێوی قوچی نیزیک گوندی ماراغان لە یەک ڕۆژدا لەگەڵ ١١ هاوسەنگەری دیکەی لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی سپای جەهل و نەزانیدا شەهید بوون.

تەرمی کاک قادر ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە نێو ئاپۆرای خەڵکی زێدەکەی لەگۆڕستانی ڕەشە هەرمێ بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## درێژەی پەیڤ

چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بگرێتە خۆ. لەم خەباتەدا جەماوەری کوردستان کە هێز و ئیرادە و سەرچاوەی بڕوای ڕاستەقینەی خەباتن، بە هەمە لایەنە تێیدا بەشدار بن و هەر گرووپ و چین و توێژێک بە شێواز و بە ڕێگای بەردەست و بە هەزینەدان لە پێناوی ئازادیدا ئەرک وەئەستۆ بگرن و مۆرکی خۆیان لە خەباتەکە بدەن و بەم شێوەیە هەموو کۆمەڵگای کوردستان پێکەوە و وەکوو نەتەوەیەکی ماف لێ زەوت کراو و خاوەن ئیرادەی خەباتکارانە بەرەوڕووی دوژمن ببنەوە و شار و شاخ بە مانا ڕاستەقینەکەی و پێکەوە ئەم دێڕانەی مێژووی خەبات بنووسنەوە.

جەماوەری ڕاسان بریتیە لە هەموو تاک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان. جەماوەری ڕاسان خاوەن پیشە و ئەندازیار و نووسەر و هونەرمەند و ژنان و لاوان و خوێندکاران و بازرگانان و کرێکاران و وەرزێر و جووتیار و باخەوان و دووکاندار و کارمەند و ڕووناکبیر و مامۆستایانی ئایینی و ...و هەموو ئەوانەن کە لە کوردستاندا سووکایەتی بە ناسنامەی نەتەوەییان کراوە و دڵیان بۆ ئازادی و بەختەوەری لێ دەدا.



# جارنامەکەی ڕۆحانی، لە کۆیە دەنگی دایەوە

**هاووڵاتی مافی ژیانی هەیە و کەس لێی ناسێنێتەوە، مەگەر ئەوەی بەپێی یاسا لێی وەربگیرێ.**

چەکۆ ئەحمەدی

ئەوە بەندی یەکەمی جارنامەکەی حەسەن ڕۆحانییە کە لە بەرەبەری هەڵبژاردندا بڵاوی کردووەتەوە و بانگەشەی بۆ دەکات. لەوانەیە هەرکام لە خاڵەکانی ئەم جارنامە هەڵگری گەلێك شرۆڤە بێ، بەڵام وەك دەگوترێ مشت نموونەی خەرواره و لێرەشدا ئەمە سەرچڵی جارنامەکەیە، کەوایە دەکرێ ئەوەلای بە بێ شرۆڤەش درك بکەین.

تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو چوار دەیە دەڕوا و ئەگەر تەنیا هێندێ ئامێری پێشکەوتوو لەم وڵاتەدا وەلا بنرێ، دەکرێ ئەمڕۆی ئەم وڵاتە بە نزیك بە چوار دەیە لەوەپێش وێنا بکرێ.

خومەینی لە نۆفل لۆشاتۆی پاریسەوە بانگەشەی سیستمێکی دەکرد کە لەودا مەڕ و گورگ واتا تەنانەت ئیسلام و کۆمۆنیستیش دەتوانن لەسەر خوانێکدا پێکەوە بژین و دەستەوملانی ئازادیی ڕەها بن. زۆرینەی چاوەدێران بڕوایان بەم بانگەشانە کرد و خومەینییان لە نێو مانگدا وێنا کرد و لە یەك شەودا لە ئایەتوڵڵاوە بوو بە ئیمام و چووە ڕیزی دوازدە ئیمامەکەی مەزهەبی شیعەوە. لەوانەیە بە هەزاران پەرتووك و بابەت لەسەر کەسایەتیی خومەینی نووسرابێ، کەواتە ئەو لایەنە بەجێ دێڵین بۆ خوێنەر و پێناسەی ئەو کەسەش بۆ مرۆڤایەتی ڕوون و ئاشکرایە.

خومەینی پاش بەدەستهێنانی متمانەی کەسایەتی و حیزبە ئێرانییەکان و بگرە جیهانیش، بەسەر فەرشی سووردا (کە پاشتریش هەر لەسەر فەرشی سوور دەڕۆیشت بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارە خوێنی خەڵکی بێتاوان سووری کردبوو) بەرەو دەسەڵاتێك چوو کە دەکرێ بڵێین بووە هۆی گۆڕینی مێژووی مرۆڤایەتی کە لەوانەیە دەیان ساڵی دیکەی بوێ تاکوو ئەم ڕاستییە بسەلمێت. (کۆماری ئیسلامی وەك پشت و پشتیوانی سەرەکیی هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە جیهاندا، ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستیدا. تەقینەوەی ئارژانتین، ١١ی سێپتامبر و میکۆنۆس وەك نموونە).

ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕۆحانی بانگەشەی بۆ دەکات وەك دەستکەوتی ڕێژیمەکەی، بەپێی ئەو یاسایە دانراوە کە خومەینی دایڕشت و سەپاندی و لە ماوەی ٣٧ ساڵدا بەڕێوە دەبرێ. بەڵام جێی سەرسووڕمانە کە تەنانەت بۆ فریودان و ڕاکێشانی خەڵك بۆ دەنگدان، باسکردن لە مافی مرۆڤ و هاووڵاتی ڕێگەپێدراو نییە و لە هەینیی ڕابردوودا زۆربەی گوتاربێژەکانی مزگەوتەکان بە هەڕەشەوە باسیان لێ کردووە و بە هێڵی سووری دەزانن. کەواتە بەپێی ئەزموونێك کە لە دەسەڵاتی سەرکۆمار لە ئێراندا هەیە، تەنانەت ئەگەریش بیهەوێ هەنگاوێك بەرەو مرۆیی کردنی سیستمی دەسەڵات هەڵبگرێ، ئەوا دەسەڵاتداری سەرەکی واتە وەلیی فەقیهـ هەر لە یەکەم هەنگاودا ڕایدەگرێ.

ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی ناوچەییدا و لە چەند ساڵی ڕابردوودا خێراییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. سەرهەڵدانی شۆڕشی یەك لەدوای یەك لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا و سەرکەوتنی هێندێ لە شۆڕشەکان (سەرەڕای باشتر نەبوونی دۆخی ژیان)، لاپەڕەیەکی نوێی لە چۆنیەتیی بیرکردنەوە و داخوازییەکانی خەڵکدا هەڵدایەوە. ئاستی داواکاری بۆ سەربەرزانە ژیان بە ڕادەیەکی بەرچاو لە نێو نەتەوەکانی ناوچەکەدا بەرز بووەوە. پلەی زانیاری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرزتر دەبێتەوە و تاکەکان پتر خوازیاری بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیانن. لە نێو ئەم نەتەوانەشدا کە لە ئاڵۆزترین و پرکێشەترین ناوچەی جیهان هەڵکەوتووە، نەتەوەی کوردی تێدایە کە بە ٤٠ میلیۆن کورد مەزندە دەکرێ و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نە خاوەنی وڵاتە و نە پرسەکەی بە شێوەی ڕاستەقینە بووەتە پرسی جیهانی. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەنووکە زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە نەتەوەی کورد لە ئاستی جیهانیدا ناسراوە و توانیویە بکەوێتە ڕۆژەڤی پرسە گرینگە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە. ئەمەش تەنیا بە یەك هۆکاری سەرەکی بوو: هێزی. کاتێك لە زۆربەی هەرە زۆری جیهان و بەتایبەت وڵاتانی ناوچەکە زراویان لە داعش تۆقیبوو، هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان بە کەمترین کەرەستە و لە سەختترین بارودۆخدا بەرەوڕووی هێزێکی پۆشتەوپەرداخ کراو لە لایەن ڕێژیمی ئێران، و چەك و چۆڵی ڕاستەوخۆ پێدراوی سوپای عێراق لە مووسڵ بووەوە و بە خوێن و گیان بەرگریی لە مرۆڤایەتی و خاکی نیشتمان کرد و پێشمەرگە لە ئاستی جیهانیدا بووە سیمبۆلی قارەمانەتی و مرۆڤدۆستی.

کەواتە هێز و بەهێزی ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لەوەی ئێستا دەیبینین.ئەوەی کە لە سەرەوە باسکرا، دەکرێ وەك بەرچاوڕوونییەك بۆ ئاشکرا بوونی ئامانجی سەرەکیی بانگەواز و پڕوپاگاندەکانی ڕۆحانی و ڕێژیمەکەی لەبەرچاو بگیرێ.

لە ماوەی نزیك بە ٦ ساڵ ئاڵۆزی و بشێوی لە ناوچەکەدا، ڕێژیمی ئێران سەرەڕای دەستێوەردان لە زۆربەی ئەو وڵاتاندا، بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە ئێران هیچ جۆرە کێشەیەکی نەتەوەیی و مرۆیی و سیاسی لەگۆڕێدا نییە. لەڕاستیدا ئەوەی کە هەموو چاوەدێرانیش ئاگادارن، لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەردەوام بە کوشتن و پاکتاو بەرپەرچی هەرجۆرە نارەزایەتییەك دراوەتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش گەشەکردنی ئاستی بیرکردنەوە و ویستی چارەسەری پرسە نەتەوەیی و ئازادییەکان لای نەتەوەکانی ئێران بەردەوام ڕوویان لە پوختەتر بوون و بەرزبوونەوە کرد. ئەگەر چاوێك بەسەر چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵانی دوایی نەتەوەکانی ئێراندا بخشێنین، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ئاستی وشیاریی ئەم نەتەوانە بۆ ئامانجێکی سیاسی / نەتەوەیی بەرچاوتر لە ڕابردوو خۆی دەنوێنێ و ئەمەش دەبێتە هۆی نیشاندانی دژکردەوەی کاربەدەستان.

\بەڵام لەم نێوەدا پرسێك لە ئێراندا بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەك بە شێوەی ڕێکخراو و لە ڕووی ئاوەزەوە بەردەوام ڕەنگدانەوەی هەبووە. ئەم پرسە، پرسی چارەسەر و گەیشتنی نەتەوەی کوردە بە ئامانجەکانی. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، بەداخەوە لە چوارچێوەی ئێراندا نەتەوەی کورد تا ئێستاش تاقانە نەتەوەیەك بووە بەردەوام بزووتنەوەی هەبووە و دژی داگیرکاری و دیکتاتۆری خەباتی کردووە.

هەرچەند نەتەوەکانی دیکەش بەرخۆدان و چالاکییان نواندووە، بەڵام دیسان بەداخەوە بزووتنەوەکانی کوردستان بەردەوام تاقانە بزووتنەوە بووە کە لە گۆڕەپانی خەباتدا چالاکیی نواندووە.

پاش ڕووداوەکانی ئەمدواییانەی ناوچەکە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، بە خوێندنەوەی هەموو لایەنە سیاسی و ناوچەییەکان و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران، بڕیاری قۆناغێکی نوێی خەباتی ڕاگەیاند کە پاشتر بە ڕاسان ناوبانگی دەرکرد و یەکێك لە ئامانجەکانی گرێدانی خەباتی شاخ و شار دەستنیشان کرا، تاکوو لەم ڕێگایەوە هەموو پۆتانسییەل و هێز و وزەکان یەکانگیر بن و خەباتێکی پەرتەوازە دەست پێنکاتەوە.

ئەم ڕاسانە، لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەندرا و داوا لە هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانیش کرا تاکوو تێیدا بەشدار بن. ڕاسان، بوو بە سیمبولێك بۆ ڕابوونێکی نوێ لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا. هەر لە یەکەم قۆناغ و لە دەستپێکی ئەم خەباتە نوێیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو هێز و توانایەوە کەوتە پڕوپاگاندا تاکوو ڕوخسار و ئامانجەکانی ڕاسان خەوشدار بکات.

> **پێش لەوەی چاپی ئەو جارنامەیە وشک بێتەوە، بەرچاوترین هەنگاوی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا ئاشکرا بوو و یەکەم دەنگ و ڕەنگی لە کۆیە دەرکەوت و هێزە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دانان و تەقاندنەوەی بۆمب، بوونە هۆی شەهید بوونی ٧ پێشمەرگە و بەمەش بە فەرمی ڕایانگەیاند کە ئەوان تەنیا لۆژیکی ترس و تۆقان و تیرۆر دەناسن**

سەروبنی هەموو دەزگا ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم، دەسەڵاتدارانی سیاسی و سەربازی و هەموو دەست و پێوەندییەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران تێکڕا و بەشێوەیەکی سەرلێشێواوانە کە ترس و تۆقانێکی ئاشکرای پێوە دیار بوو، کەوتنە هەڕەشە و دژایەتی و دوژمنایەتی بزووتنەوەی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵام سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریدەری کوردستان بە وردبینییەوە وەڵامی هەمووی دایەوە و ڕاسان بووە سیمبۆل و هیوایەکی ڕاستەقینەی خەباتی نوێی کوردستان و خەڵکی کوردستانیش بە متمانەوە بەرەوپیری هاتن. کەواتە، ئەوە چاوەڕوانکراو بوو کە ڕێژیمی ئێران و دەوڵەتەکەی ڕۆحانی لە ئاستێکی بەربڵاوتردا بەرەوڕووی ببنەوە و بە ڕاگەیاندنی جارنامەیەکی سەراوبن بەتاڵ لە ڕاستی و متمانە، لە هەوڵی ڕاکێشانی زیاتری متمانەی تاکەکانی نەتەوەکانە تاکوو لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان دوور بکەونەوە و دیسان ڕایان بکێشنەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بەڵام پێش لەوەی چاپی ئەو جارنامەیە وشك بێتەوە، بەرچاوترین هەنگاوی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا ئاشکرا بوو و یەکەم دەنگ و ڕەنگی لە کۆیە دەرکەوت و هێزە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دانان و تەقاندنەوەی بۆمب، بوونە هۆی شەهید بوونی ٧ پێشمەرگە و بەمەش بە فەرمی ڕایانگەیاند کە ئەوان تەنیا لۆژیکی ترس و تۆقان و تیرۆر دەناسن و هەر هەوڵێك بۆ چارەسەری پرسەکان لە ئێراندا و لە ڕێگای دیالۆگەوە، وەك خەونێکی شاعیرانە وایە. کەواتە ڕاسان، ڕێگای درووست دەپێوێ و ئەوە هێزە کە هاوکێشە دەگۆڕێ و بۆ بەدەستهێنانی هێزیش دەبێ نرخ بدرێ.



# مامۆستایانی قوتابخانه له‌ ژێر سته‌می ویلایه‌تی فه‌قیهدا

جه‌ماڵ ڕه‌سووڵ دنخه

ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان له‌ ڕۆژژمێری خۆیدا ڕۆژێکی بۆ مامۆستایانی قوتابخانه‌ ته‌رخان کردووه‌ و ئه‌و ڕۆژه له‌ لایه‌ن ڕێکخراوی «یونسکۆ»وه‌ وه‌کوو ڕۆژێکی جیهانی ناسێندراوه‌ و له‌و ڕۆژه‌دا ڕێز له‌ تێکۆشان و خه‌باتی مامۆستایان ده‌گیرێت که‌ ئه‌و توێژه‌ی کۆمه‌ڵگا وه‌ك یه‌کێك له‌ هه‌ستیارترین و گرینگترین توێژه‌کانی کۆمه‌ڵگا چاوی لێ ده‌کرێت.

جیا له‌ ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان، له‌ کۆماری ئیسلامیدا ١٢ی بانه‌مه‌ڕ وه‌ك ڕۆژی مامۆستا له‌ وڵاتی ئێراندا دیاری کراوه‌ و ته‌نیا پشکی مامۆستایان له‌و ڕۆژه‌دا پیرۆزباییه‌کی زاره‌کییه‌ و ڕه‌نگه‌ لقه‌ گوڵێکی سوور له‌ لایه‌ن قوتابیانه‌وه‌ پێشکه‌ش به‌ مامۆستاکه‌یان بکرێت. له‌م ڕۆژه‌دا ته‌نیا ده‌سکه‌وتی مامۆستایان ئه‌وه‌یه‌ که‌ بوونی فیزیکییان هه‌یه‌ و به‌س. پرسی په‌روه‌رده‌ و فێرکردن ئه‌گه‌رچی به‌ نووسین و کوتن کۆتایی پێ نایه‌ت، به‌ڵام ناشکرێ خۆتی لێ ده‌رباوێی، چوونکه‌ پرسێکه‌ به‌ چاره‌نووسی کۆمه‌ڵگا و مرۆڤه‌وه‌ به‌ستراوه‌ته‌وه. په‌روه‌رده‌ و فێرکردن له‌ سه‌رده‌می ئه‌مڕۆدا که‌ پێشکه‌وتن هه‌موو سنووره‌کانی ته‌نیوه‌، له‌ ئێرانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی ویلایه‌تی فه‌قیهدا وه‌ك به‌ردێکی ڕه‌قی لێ هاتووه‌ که‌ هیچ که‌س و لایه‌نێك ناوێرێت به‌ ڕاشکاوانه‌ باسی بکات، چوونکه‌ شکاندنی ئه‌و به‌رده‌ ڕه‌قه‌ به‌ زیانی ڕێژیمه‌ و به‌رپرسانی به‌رده‌وام و به‌ شێوه‌یه‌کی سیستماتیك له‌ هه‌وڵی ڕاگرتنی ئه‌و ڕه‌قییه‌دان. به‌پێی لێدوانی خودی به‌رپرسانی ڕێژیمی ئێران، وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ هه‌ژارترین وه‌زاره‌تخانه‌یه‌ و ئه‌وه‌ش له‌ کاتێکدایه‌ که‌ به‌رپرسانی ئه‌و ڕێژیمه‌ باس له‌ که‌مکردنه‌وه‌ی بوودجه‌ی ئه‌و به‌شه‌ ده‌که‌ن و مامۆستایانیش ناڕه‌زایه‌تی ده‌رده‌بڕن که‌ نان نیه‌ بیخۆن. له‌ وه‌ها حاڵه‌تێکدا پرسی په‌روه‌رده‌ به‌ره‌و کام ئاقار ده‌چێت؟ چوونکه‌ له‌ ڕاستیدا به‌ وته‌ی خودی پسپۆڕانی په‌روه‌رده‌ی ڕێژیم، پرسی په‌روه‌رده‌ به‌ لای به‌رپرسانه‌وه‌ گرینگ نیه‌ و ته‌نیا له‌ دیمانه‌ و ڕۆژنامه‌کاندا نیگه‌رانیی خۆیان ده‌رده‌بڕن و له‌ ڕاستیدا هیچ بۆیان گرینگ نیه‌، چوونکه‌ یه‌که‌م چاره‌نووسی منداڵ وه‌ك نه‌وه‌ی داهاتوو، و دووهه‌م داهاتووی کۆمه‌ڵگایان به‌ لاوه‌ گرینگ نیه‌.

ئه‌مساڵیش له‌ سه‌ره‌تای کرانه‌وه‌ی قوتابخانه‌کانی ئێران له‌ مانگی ڕه‌زبه‌ردا کۆمه‌ڵێك پرسی زۆر گرینگ و ژینه‌کی سه‌باره‌ت به‌ په‌روه‌رده‌ باس کرا که‌ ته‌نیا دیزه‌به‌ده‌رخۆنه‌ کرا و هیچ هه‌وڵێك بۆ چاره‌سه‌ریان نه‌درا و بگره‌ هێرش کرایه‌ سه‌ر ئه‌و که‌سانه‌ش که‌ باسیان له‌ چاکسازی له‌ بواری په‌روه‌رده‌ و بارهێناندا کردبوو. له‌و کاته‌وه‌ که‌ ئیسلامگه‌راکان له‌ ئێراندا هاتنه‌ سه‌ر کار، چه‌ند باسی وه‌ك «بوومی گرایی» (بازگشت به‌ خود)، ئه‌رزش گه‌رایی (به‌ خراپ زانینی هه‌موو شتێکی باش به‌پێی پێناسه‌ی ئاخوندی شیعه)، ناوه‌ڕۆکی ته‌قلیل گه‌رایانه‌ (که‌مکردنه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگی نه‌ته‌وه‌یی له‌ به‌رانبه‌ر فه‌رهه‌نگی ئیسلامیی ئێدئۆلۆژیکدا)، «تمامیت خواهی» (لابردنی هه‌موو ئه‌و ئه‌ندێشانه‌ی که‌ له‌گه‌ڵ ئیسلامی ئه‌وان ڕکه‌به‌رایه‌تی ده‌کات) و کۆمه‌ڵێك باس و بابه‌تی نادێموکراتیکیان هێنایه‌ نێو په‌روه‌رده‌ و فێرکردن و ته‌ربیه‌تی مرۆڤیان ته‌نیا له‌ ته‌ڵقینکردنی بیرۆکه‌ی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامگه‌رایی وه‌ك خوێندنه‌وه‌ی مه‌زهه‌بی و کۆمۆنیزمی شه‌ریعه‌تمه‌داری وه‌کوو ناوه‌ڕۆك و ڕه‌تکردنه‌وه‌ی ئه‌زموونه‌کانی مرۆڤ له‌ بیاڤی په‌روه‌رده‌دا به‌ لابردنی زانستی ڕۆژئاوا، که‌ڵك وه‌رگرتن له‌ په‌روه‌رده‌ و فێرکردن بۆ ڕاکێشانی هێز له‌ ڕێکخراوه‌ نیزامییه‌کان و میلیشیا حکوومه‌تییه‌کاندا، گرتنه‌ده‌ستی به‌شی په‌روه‌رده‌ و بارهێنان له‌ لایه‌ن ده‌وڵه‌ت و هه‌روه‌ها ته‌ربیه‌تکردنی توێژێکی لاواز له‌ کۆمه‌ڵگادا به‌ ناوی مامۆستای قوتابخانه‌دا دیته‌وه‌.

یه‌که‌م ئامانجی په‌روه‌رده‌ و فێرکردن له‌ ئێراندا گه‌شه‌پێدانی زه‌ین، زانست و جه‌سته‌ و په‌روه‌رده‌کردنی هێزی خه‌یاڵ و به‌ کۆمه‌ڵایه‌تی کردن نیه‌، به‌ڵکوو به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ شوشتنه‌وه‌ی مێشك و سه‌پاندنی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامگه‌رایی و ژیان به‌ شێوه‌ی ئیسلامییه‌، هه‌ر وه‌ك به‌رپرسانی ئه‌و ڕێژیمه‌ خۆیان باس له‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ ئامانجی ئێمه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ شوناسێکی سه‌ربه‌خۆی نه‌ته‌وه‌یی و دینی بۆ قوتابی پێك بێنین. واته‌ شوناس و سه‌ربه‌خۆییه‌کی دژ به‌ ڕۆژئاوا و به‌ ته‌واوه‌تی له‌ ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئیسلامگه‌راکاندا و نه‌ته‌وه‌یی بونیش هه‌مان ژێر چاودێری بوونی حکوومه‌تی ناوه‌ندییه‌ نه‌ شتێکی دیکه‌.

ناوه‌ڕۆکی فێرکردن له‌ ئێراندا ته‌ڵقینی ئیدئۆلۆژی ئیسلامگه‌رایی و نفره‌ت له‌ ڕۆژئاوایه‌ که‌ بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش مه‌کته‌بێکی دینی و خه‌یاڵی به‌ ناوی نیزامی «سولته» دروست ده‌که‌ن و له‌گه‌ڵ وڵاتانی جیهان شه‌ڕی پێ ده‌که‌ن و ته‌نیا له‌ ده‌وروبه‌ری بیرۆکه‌ی شه‌ڕ دژی ئیمپریالیزمدا ده‌سووڕێته‌وه‌.

له‌ سیسته‌می په‌روه‌رده‌ و فێرکردندا، ئیسلامگه‌راکان و سه‌رجه‌م ناوه‌نده‌ حکوومه‌تییه‌کانیان داوای قوتابخانه‌ و شوێنه‌ په‌روه‌رده‌ییه‌کان ده‌که‌ن و له‌ ئه‌گه‌ری نه‌بوونی بودجه‌ش بۆ داهاتی خۆیان زانستگه‌یان دروست کرد و خامنه‌یی ڕێبه‌ری ڕێژیمی ئێران به‌ ئاشکرایی باس له‌وه‌ ده‌کات که‌ نابێ هه‌موو تێچووی قوتابخانه‌کان له‌ ئه‌ستۆی ده‌وڵه‌ت بێت و ئه‌وه‌ش له‌ کاتێکدایه‌ که‌ بوودجه‌ی سه‌رسووڕهێنه‌ر بۆ حه‌وزه‌ی عیلمیه‌ی قۆم دابین ده‌کرێت و ته‌نیا گه‌نده‌ڵیی لێ ده‌ر ده‌چێت.

پرسی په‌روه‌رده‌ سێ به‌شی جیاوازی وه‌ك ١. پرسی بونیادی و ناوه‌ڕۆکی په‌روه‌رده‌، ٢. پرسی مامۆستایان و ٣. پرسی به‌ڕێوه‌به‌ری له‌ خۆ ده‌گرێت، که‌ هه‌ر کام له‌و پرسانه‌ بۆ خۆی کۆمه‌ڵێك باسی لێ ده‌که‌وێته‌وه‌، به‌ڵام بۆ ناساندنی گۆشه‌یه‌کی بچووك له‌ سیسته‌می په‌روه‌رده‌ی ئێران به‌شێکی ئه‌و پرسانه‌ ده‌خه‌ینه‌ به‌ر باس.

له‌ پرسی یه‌که‌مدا، به‌ هۆی ئه‌وه‌یکه‌ سیسته‌می په‌روه‌رده‌، ئایینی حکومه‌تییه‌، ئامانج و داخوازییه‌کانی مرۆڤ له‌و سیسته‌مه‌ په‌روه‌رده‌ییه‌دا له‌گه‌ڵ پێویستییه‌کانی کۆمه‌ڵگا ناته‌بایه‌، که‌ ئه‌وه‌ش ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌یکه‌ له‌ خوێندنگاکاندا هیچ به‌رهه‌مێکی زانستی ده‌سته‌به‌ر نه‌بێت و ئامانجه‌کانی په‌روه‌رده‌ و فێرکردن گشتین و قوتابخانه‌ و زانکۆکان کاراییان دیار نییه‌.

کارناسانی به‌رنامه‌داڕێژی په‌روه‌رده‌ به‌ هۆی سیسته‌می ده‌سه‌ڵات و ئه‌وه‌یکه‌ له‌و سیسته‌مه‌دا گه‌شه‌ کردن و په‌روه‌رده‌بوون پابه‌ند به‌ نیزام و بیرۆکه‌ی کۆن و ته‌نیا به‌پێی پێویستییه‌کانی سه‌رده‌می خۆیان به‌رنامه‌ی ئه‌مڕۆکه‌ی په‌روه‌رده‌ داده‌ڕێژن. هیچ هاوئاهه‌نگییه‌ك له‌ نێوان ئامانجه‌کانی په‌روه‌رده‌ و پێویستییه‌کانی کۆمه‌ڵگادا دیار نییه‌.له‌ پرسی دووهه‌مدا، که‌ڵك وه‌رنه‌گرتن له‌ که‌سانی شاره‌زا و زانا و نه‌گونجانی به‌رنامه‌ ده‌رسییه‌کان له‌گه‌ڵ دۆخی هه‌نووکه‌یی کۆمه‌ڵگادا، ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌یکه‌ قوتابی ته‌نیا له‌به‌رکردن فێر ده‌بێت و ناتوانێت که‌ڵك له‌ زانست وه‌ربگرێت.

له‌ پرسی سێهه‌مدا، نه‌بوونی فه‌زای قوتابخانه‌، پێداویستییه‌ پێویسته‌کانی شوێنی خوێندن، نه‌بوونی هاوئاهه‌نگی له‌ نێوان به‌رنامه‌، گه‌ڵاڵه‌ و هه‌وڵی به‌ڕێوه‌بردن، نه‌بوونی لێکۆڵینه‌وه‌ و به‌کارهێنانی لێکۆڵینه‌وه‌ زانستییه‌کانی سه‌رده‌م و ڕۆژ و کۆمه‌ڵێك کێشه‌ی دیکه‌ له‌ کێشه‌کانی سیسته‌می په‌روه‌رده‌یی له‌ ئێراندا وای له‌ کۆمه‌ڵگا کردووه‌ که‌ بێ‌سه‌روبه‌ری و گۆڕینی ئاراسته‌ی کۆمه‌ڵگا بۆ ئاقارێکی نادیار، به‌رۆکی خه‌ڵکی ئێرانی گرتووه‌ته‌وه‌.

خامنه‌یی ڕێبه‌ری ڕێژیمی ئێران له‌ قوتابخانه‌ و زانکۆکان وه‌ك ماشێنێکی سه‌رکوت ده‌ڕوانێت و له‌و پێوه‌ندییه‌دا له‌گه‌ڵ هه‌ر چه‌شنه‌ چالاکییه‌ك دژایه‌تی ده‌کات و به‌ کارێکی «تاغووتی» ناوی لێ ده‌بات. هه‌روه‌ها ئه‌و ڕێژیمه‌ له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ له‌ ڕێگای «بسیج دانش ئاموزی»ییه‌وه‌ قوتابیان بۆ شه‌ڕ په‌روه‌رده‌ ده‌کات و تا ئێستاش کۆمه‌ڵێکی به‌رچاو له‌ قوتابیان له‌ شه‌ڕی سووریه‌دا کوژراون و ئه‌وه‌ش له‌ کاتێکدایه‌ که‌ به‌رپرسانی ڕێژیم ڕه‌خنه‌ له‌ وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ و بارهێنان ده‌گرن که‌ قوتابییه‌کان به‌ شێوازی ئیسلامی و ئینقلابی په‌روه‌رده‌ ناکات.

له‌ مێژووی ٨ ساڵ شه‌ڕی ئێران و عێراقدا به‌ ڕوونی ده‌ر ده‌که‌وێت که‌ په‌روه‌رده‌ و بارهێنان گه‌وره‌ترین ڕۆڵی له‌ ناردنی هێزی مرۆیی بۆ به‌ره‌کانی شه‌ڕدا هه‌بووه‌ و ئه‌و هێزه‌ مرۆییه‌ش له‌ قوتابیان پێك هاتبوو که‌ به‌شی هه‌ره‌ زۆریان له‌ پێناو سیاسه‌تی ڕێژیمدا کوژران.

عه‌لی ئه‌سغه‌ر فانی وه‌زیری ئێستای ده‌وڵه‌تی ڕووحانی که‌ ساڵه‌کانی ١٣٦٤ تا ٦٨ی هه‌تاوی ستادی شه‌ڕی وه‌زاره‌تخانه‌ی په‌روه‌رده‌ و بارهێنان بووه‌، باس له‌وه‌ ده‌کات که‌ له‌ ماوه‌ی شه‌ڕی ٨ ساڵه‌دا زیاتر له‌ ٥٥٠ هه‌زار خوێندکاری ته‌ربیه‌ت موعه‌لیم و زیاتر له‌ ٩٠ هه‌زار فه‌رهه‌نگی بۆ به‌ره‌کانی شه‌ڕ به‌ڕێ کران که‌ ٥ هه‌زار موعه‌لیم کوژران.

په‌روه‌رده‌ و بارهێنانی ڕێژیم له‌ ماوه‌ی چالاکییه‌کانی خۆیدا ناوێکی بێ ناوه‌ڕۆك بووه‌ که‌ ته‌نیا بوونێکی فیزیکی هه‌بووه‌ و کارایی نه‌بووه‌ و ئێستا په‌روه‌رده‌ی ڕێژیمی ئێران سه‌رتاپا نوقمی کێشه‌ و گرفته‌ و تووشی قه‌یرانێکی ئاموزشی بووه‌ که‌ به‌ ته‌واوه‌تی نه‌زۆك ماوه‌ته‌وه‌.

کڕین و فرۆشتنی پایاننامه‌، نه‌بوونی قوتابخانه‌، نه‌بوونی خوێندکار و قوتابیی زانا و کارلێهاتوو، نه‌بوونی به‌رهه‌می زانست، مه‌دره‌ك‌گه‌رایی و ده‌یان کێشه‌ی دیکه‌ی په‌روه‌رده‌ و بارهێنان بووه‌ته‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ به‌رپرسانی ڕێژیم باس له‌وه‌ بکه‌ن که‌ قوتابخانه‌کان دابخه‌ن و ڕاسته‌وخۆ مه‌دره‌ك به‌ خه‌ڵك بده‌ن.

ئاکام:

له‌ سیستمی په‌روه‌رده‌ و فێرکردنی ڕێژیمی ئێراندا، قوتابی و خوێندکاره‌کان فێری له‌به‌رکردنی ژماره‌ و داتاکان ده‌کرێن، به‌ڵام نایانه‌وێ فێری بیرکردنه‌وه‌ و ڕه‌خنه‌گرتن له‌ بابه‌ته‌کان بن و ته‌نانه‌ت مافی ئه‌وه‌یان پێ نادرێت.

له‌ قوتابخانه‌کانی ڕێژیمی ئێراندا گرینگی به‌ کولتووری داڕشتن و نووسینی بابه‌ت نادرێت و میتۆدی ده‌ربڕین، لێکۆڵینه‌وه‌، ئانالیز و لێکدانه‌وه‌ له‌ نووسین و داڕشتندا زیاتر ده‌رده‌که‌وێ، نه‌ك قسه‌کردن و ده‌ربڕینی زاره‌کی و له‌ ڕێژیمی ئێراندا به‌ گشتی کۆمه‌ڵگا «خه‌تیب»ن تا زانایه‌کی ئاکادمیك.

گیرۆده‌بوون به‌ ئیدئۆلۆژی، خۆگه‌وره‌بینی، شیعه‌گه‌ریی توندئاژۆیانه‌، زاڵبوونی کولتووری قسه‌کردن به‌ سه‌ر نووسین و لێکۆڵینه‌وه‌ که‌ ئه‌وه‌ش شێوه‌ی هه‌ڵسوکه‌وتی «ده‌روه‌ست نه‌بوون» له‌ کۆمه‌ڵگادا په‌ره‌ پێ ده‌دات.

ته‌رخاننه‌کردنی بوودجه‌ی پێویست بۆ وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ و بارهێنان که‌ ئه‌وه‌ش وا ده‌کات هیچ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ك که‌ سه‌رچاوه‌ی داهات و پێشکه‌وتن له‌ کۆمه‌ڵگادایه‌، وه‌ به‌رچاو نه‌که‌وێت و له‌ بری پێشکه‌وتن وه‌ دوا بکه‌وێت.

کارناسانی په‌روه‌رده‌ی ڕێژیمی ئێران له‌و باوه‌ڕه‌دان که‌ له‌ سه‌دا ٩٠ی کێشه‌کانی وڵات بۆ سیستمی په‌روه‌رده‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ و چوونکه‌ قوتابخانه‌ و زانکۆکان له‌و وڵاته‌دا مرۆڤی «ڕۆبۆتیك» په‌روه‌رده‌ ده‌که‌ن و ئه‌وه‌ش له‌ کاتێکدایه‌ که‌ بۆ چاره‌سه‌ری قه‌یران و کێشه‌کانی دواڕۆژ، پێویسته‌ گه‌شه‌ به‌ بواری په‌روه‌رده‌ بدرێت.ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌مڕۆ له‌ جوغرافیای ئێراندا به‌دی ده‌کرێت، به‌رهه‌می بوونی سیستمێکی سیاسیی دیکتاتۆری و چه‌قبه‌ستووی ئیدئۆلۆژییه‌ که‌ دژی هه‌ر چه‌شنه‌ پێشکه‌وتنێکه‌ و ئه‌نجامه‌که‌ی بووه‌ته‌ ئه‌وه‌ی که‌ کۆمه‌ڵگا به‌ره‌و هه‌ڵدێر بڕوات. له‌ وڵاتی ئێراندا هه‌زاران کێشه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری به‌رۆکی ئه‌و کۆمه‌ڵگایه‌ی گرتووه‌ته‌وه‌. له‌ بری ئه‌وه‌ی ئیمکانات و فه‌زای فێرکردن بۆ مامۆستایانی قوتابخانه‌ دابین بکات، ڕێژیم ناوه‌ندی مه‌زهه‌بیی تایبه‌تی بۆ فێرکردنی به‌لاڕێداچوو و دژه‌مرۆیی منداڵانی ئێرانی جێبه‌جێ کردووه‌ تا له‌ داهاتوودا له‌و منداڵانه‌، که‌سانێکی بێ‌مێشك و بیر، په‌روه‌رده‌ بکات که‌ ئامانجه‌که‌ی ته‌نیا توانه‌وه‌ له‌ ویلایه‌تی فه‌قیهدایه‌.



## ٧ میلیۆن کەسی دیکە پەیوەست بە لەشکری بێکارانی ئێران دەبن

بەپێچەوانەی بانگەشەکانی بەرپرسانی پێوەندیدار لەمەڕ کەمکردنەوەی نرخی بێکاری لە ئێران، کارناسێکی ئابووری دەڵی: تاکوو پێنج ساڵی دیکە لانیکەم ٧ میلیۆن بێکاری دیکەش پەیوەست بە لەشکری بێکارانی وڵات دەبن.

هەواڵدەریی حکومەتیی "مێهر" لە زاری "سەعید لەیلاز" کارناسی ئابوورییەوە بڵاوی کردۆتەوە: لە پێنج ساڵی داهاتوودا لانیکەم پێنج میلیۆن دەرچووی زانکۆ پەیوەست بە بازاڕی کار دەبن و جگە لەم کەسانە دوو میلیۆن کەسیش کە خوێندنی باڵایان تەواو نەکردووە دەبنە خوازیاری کار کە سەرجەم دەکاتە ٧ میلیۆن کەس.


بە وتەی ناوبراو پێویستە تاکوو پێنج ساڵی دیکە لانیکەم ٦ میلیۆن هەلی کاری نوێ بڕەخسێنین تاکوو بتوانین نرخی بێکاریمان لەو ئاستەی ئێستادا بهێڵینەوە کە بە کردەوە ئەمەش جێبەجێ نابێت، لەبەر ئەوەیکە بواری گونجاو بۆ بەکردەیی کردنی ئەم پلانە لەبەردەستدا نییە.

لەیلاز لە درێژەدا دەڵێ: بەپێی ئامارەکانی دەوڵەت لە ماوەی ساڵانی ٩٣ تاکوو ٩٥، گەشەی ئابووریی ئێران ٧/٤٪ بووە، بەڵام چ گۆڕانێک بەسەر دۆخی کار و بێکاریدا هات؟ هیچ!

ئەم ئابووریناسە وێڕای پێداگری کردن لەسەر ئەوەیکە ئەمجۆرە پلان و بەرنامانە وەڵامدەری بارودۆخی ئێمە نین، وتی: لە کۆتایی ساڵی ٩٥دا ئاستی بەرهەمهێنانمان تازە دەگاتە کۆتایی پێنج ساڵ لەمەوپێش؛ هەروەها داهاتی سەرانەمان لە کۆتایی ساڵی ٩٧دا دەگاتەوە بە داهاتی سەرانەی ساڵی ٩٠، جگە لەمەش توانای کڕین لای کرێکاران و کارمەندانی حکومەتی لە نێوان ساڵەکانی ١٤٠٥ تاکوو ١٤١٠ یەکسان دەبێت لەگەڵ توانای کڕین لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی؛ کەواتە بەم ڕەوتە پێچەوانەی کە ئێمە دەیپێوین، نابێ چاوەڕێی ئەوە بین کە بە دیاریکردنی یاسای نرخی بێکاری کار و پیشەی نوێ بخولقێنین.

ناوبراو هۆکاری بەئەنجام نەگەیشتنی پلان و بەرنامەداڕێژییەکانی دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە؛ "سیاسەتداڕێژییەکانی ئێمە هەڵەن و ناتوانن بچنە خانەی کردەییەوە".

بەباوەڕی ناوبراو تەنیا ڕێکار بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ڕەوشە نالەبارە ئابوورییەدا، سیاسەتداڕێژیی کەلان لە بیاڤی سەرمایەدانانە و ئەگەر ئەم کارە نەکرێت گەشەی پیشە و بازاڕی کار دەبێتە پرسێکی نامومکین.



## سندوقی جیهانی دراو:
## ئێران یەکێک لە بێکارترین وڵاتانی جیهانە

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو ئێران لەباری بێکارییەوە لە نێو وڵاتانی جیهان ٨ پلەی دیکەش دابەزینی تۆمار کرد.

سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە لە درێژەی ڕەوتی دابەزینی نرخی بێکاری لە ئێران بەتایبەت لە ٢ ساڵی ڕابردوودا، ئەم وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٦دا بە نرخی ١١/٢٨٪ پلەی ٢٣ی لە نێو هەموو وڵاتانی جیهان بۆ خۆی تۆمار کردووە.

بەم پێیە تەنیا ٢٢ وڵاتی دیکە لە باری بێکارییەوە بارودۆخیان لە ئێران خراپتر بووە کە بریتین لە ئافریقای باشوور، مەقدوونیە، بۆسنی و هێرزۆگۆڤین، یونان، سودان، ئیسپانیا، سێربێستان، ڤێنزۆئێلا، ئەرمەنستان، ئالبانی، کرۆواسی، باهاماس، تونس، قێبرێس، جامائیکا، مێسر، سانوتومێ، نیجێریە، پۆرتۆریکۆ، سورینام، بێلز و ئیتالیا.

لە بەرامبەریشدا وڵاتانی تورکیە، مەراکش، کەنارەی عاج، سەن مارینۆ، شیلی، پێرۆ، سریلانکا، ترینیداد و تۆباگۆ بە نرخی بێکاری خوار ١٠٪ بەبەراورد لەگەڵ ئێران بارودۆخێکی لەبارتریان هەیە.ناوەندی ئاماری خودی ڕێژیمیش ماوەیەک پێش ئێستا سەبارەت بە ڕەوشی بێکاری لە ئێران ئاشکرای کرد کە زۆرترین نرخی بێکاری لە ئێراندا لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٢٤ ساڵە و لە ساڵی ڕابردوشدا ڕێژەی نرخی بێکاری لە ئێران زیادی کردووە.



# ئۆختاپووسی خاتەمۆلئەنبیا و داگیرکردنی جمگە ئابوورییەکان

**شەماڵ تەرغیبی**

پرۆژە سەرەکییە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ڕۆحانی لەوانە نەوت، گاز، پێترۆشیمی، ڕاگواستن، بەنداوەکان، ڕاگواستنی ئاو، موخابرات و ئای تی لە ئیختیاری قەرارگای خاتەمۆلئەنبیای سپادایە.

هەواڵدەریی ئیسنا ئاشکرای کرد؛ حسەین دێهقان وەزیری بەرگری و پشتیوانیی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی یازدیەم ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٩ی بەفرانبار لە پێشانگای "هێزی سپا لە بواری چاکسازی" ڕایگەیاندووە: تا کۆتایی ئەمساڵ بەرپرسایەتی زیاتر لە ٥٠ پرۆژەی "کاریگەر" لە سەر ئابووریی ئێران خراوەتە ئەستۆی قەرارگای خاتەمۆلئەنبیا.

ڕۆژی شەممەش ڕێکەوتی ١١ی بەفرانبار، ڕۆژنامەی شەرق لە ڕاپۆرتێکدا بەناوی "هەموو شتێک سەبارەت بە قەرارگای خاتەم" نووسیبووی: خاتەمۆلئەنبیا گەورەترین پەیمانکاری نادەوڵەتیی ئێرانە کە تەنانەت سازکردنی پردەکان و پرۆژە عومرانییەکان خراوەتە ئیختیاریەوە.

ڕۆژنامەی شەرق دەنووسێ: ئەم قەرارگا چالاکییەکانی خۆی لە هیچ بوارێکدا بەرتەسک ناکاتەوە و جگە لە پرۆژە زەبەلاحە ئابوورییەکان دەستی بەسەر پرۆژە بچووکەکانیشدا گرتووە و دەرەتانی چالاکیی لە کۆمپانیاکانی دیکە گرتووە.

قەرارگای خاتەمۆلئەنبیای سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی و پاش کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق بە بڕیاری عەلی خامنەیی دامەزراوە کە ئەگەرچی خۆی بە ژێرکۆمەڵەی سپا دەناسرێت بەڵام خاوەنی چەندین ژێرکۆمەڵەی وەک قەرارگای قائیم، قەرارگای نوح، قەرارگای کەربەلا و قەرارگای کەوسەرە کە بەهۆی دەسەڵاتە ڕەهاکەیەوە تا ئێستا چەندین میلیارد پارەی وڵاتیان هەڵلووشیوە.

بەپێی هەندێک ئاماری فەرمی ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەم قەرارگایەدا کار دەکەن ١٦٠ هەزار کەسە.

دەسەڵاتی ڕەهای ئەم باندە مافیاییەی سپا ئەوەندە زۆرە کە تەنانەت بڕیار لەسەر سەرکۆماری ڕێژیمیش دەدات بۆ وێنە ماوەیەک پێش ئێستا عیبادوڵڵا عەبدوڵڵاهی فەرماندەی خاتەم پاش واژۆکردنەوەی ڕێککەوتن نامەی نێوان ئێران و کۆریای باشوور بۆ سازکردنی ١٠ کەشتی نوێ ڕوو لە حەسەن ڕۆحانی گوتبووی: دەبێ ئەو ڕێککەوتننامە هەڵبوەشێنیتەوە.

شایانی باسە لە ساڵی ٨٤دا پاش ئەوەیکە ئەحمەدی نژاد بە دەسەڵات گەیشت و مۆرەچنییەکانی دەوڵەتی نوێ کۆتایی پێهات، ڕەشنووسێک بە ئاگاداریی عەلی خامنەیی لە ژێر ناوی "تعالی ایران" (پیشرفت توام با معنویت و عدالت) هاتە ئاراوە و ناوەندی "راهبردی سپاه" کرایە جێبەجێکاری ئەم گەڵاڵەیە؛ خاڵێکی گرینگ لە بەندەکانی ئەم ڕەشنووسە بریتی بوو لە: کۆنتڕۆڵ و دەستبەسەرداگرتنی تەواوی فەزای ئابووری لە ڕێگەی لاواز کردنەوەی کەرتی تایبەت و پەرەدان بە دەسەڵاتە نیمچە دەوڵەتییەکان، واتە کۆمپانیاکانی سێبەری دەوڵەت کە خۆیان لەژێر دەسەڵاتی سپا و بەسیجدان.

ئەمەش لەحاڵێکدایە کە ئەزمونی کاری وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری ئابووری، پێمان دەڵێ؛ یەکێک لە ڕێکارەکانی گەشەسەندنی ئابووریی وڵات بریتییە لە دانی ئازادیی کردار بە کەرتی تایبەت بەو واتایە کە لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا کەرتی تایبەت خاوەنی ئازادیی تەواوی کردارن، و پێویستیان بەوە نییە کە بیر لە مافی خاوەنداریەتی بکەنەوە؛ هەڵبەت ئەم خاڵەش تەنیا کاتێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێت کە دەوڵەت لە بیاڤی ئابووریدا سنوردار بکرێتەوە، واتە یاسا ئیزن بە دەوڵەت نەدات بە مەیلی خۆی دەستێوەردان لە کاروباری ئابووریدا بکات، و چۆنی پێ خۆش بوو، بڕیار بدات و لەبەرانبەر کەسیشدا وەڵامدەر نەبێت؛ دیارە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە لە ئێراندا، بەپێی یاسا نەنووسراوەکان، دەوڵەت خاوەنی ئابووری نییە و ئەوەیکە قسەی یەکەم و کۆتایی دەکات ئەوە ناوەندە ئەمنیەتی و سەربازییەکانی سەر بە سپای پاسدارانن کە بەپشت بەستن بە دەسەڵاتی ڕەهای ویلایەتی سەرقاڵی هەڵلووشینی سامان و داراییەکانی وڵاتن و وەک ئۆختاپوسی مەرگ هەموو جمگەکانی ئابووریی داگیر کردووە.بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ڕۆڵ و شوێندانەرییە نێگەتیڤەکانی سپا و دەست و پێوەندییەکانی لە بیاڤی ئابووری لێرەدا ئاماژە بە هاوکێشەیەکی ساکاری ئابووری دەکەین: ڕەگ و بنچینەی گەندەڵیی ئابووری بریتییە لە کەڵکاژۆ وەرگرتن لە دەسەڵات و پێگەی سیاسی کە ئیزن بە کەسانێکی دیاریکراو دەدات تاکوو بۆ قازانجە ئابوورییە شەخسییەکانیان کەڵک لە بازاڕ و ئابووری وەربگرن کە ئەمەش بە پاڵپشتییەکی "یاسایی" و "سیاسییەوە" دەکرێت. ئەم کەڵکاژۆ وەرگرتنە کاتێک دەچێتە بواری جێبەجێ کردن کە قازانجە سیاسی، بۆرۆکراتیک و ئابوورییەکان هاوتەراز لەگەڵ سیستمی بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن بێت. لێرەدایە کە سێ کوچکەی گەندەڵی دروست دەبێت؛ "سیاسەتڤان" بەدوای دەسەڵاتی سیاسیەوەیە، "بەڕێوەبەری ئیداری" بۆ پاڵپشتیی دەسەڵاتی سیاسی دەگەڕێت و "ئابووریکار"ی گەندەڵیش بە پشت بەستن بەم ٢ گرووپە ئامانجەکانی خۆی دەپێکێ؛ بەم پێیە لە ئێراندا سەرتۆپکی گەندەڵییەکان بۆ تۆڕی سپای پاسداران دەگەڕێتەوە چوونکە وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا کەرتی هاوردە و هەناردە، بەنداوسازکردنە ناپێویستەکان و بەگشتی ئەوەیکە پێی دەوترێ "پیشەی دایک" لە ژێر دەستی سپا و ناوەندە نیزیکەکان بە دەسەڵاتە.

# ئاوەزی فەرهەنگیی و کاریگەرییەکانی لە کۆمەڵگا

جەماڵ فەتحی

بۆ ئەوەی بتوانین پێناسەیەکی گونجاو بە چەمکی ئاوەزی فەرهەنگیی ببەخشین، لەسەرەتا دەبێت ئەم دوو وشەیە هەر کامە بە جیا پێناسە بکرێن.

پێناسەی کلاسیک و باو لە ئاوەز ئەو چۆنایەتی و تواناییە یەک ڕەهەندییانەیە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەبێتە هۆی سەرکەوتن و لە باوک و دایک بە منداڵ دەگات و دەرەتانی گەشەکردنی نییە، بەڵام لە زانستی دەروونناسیدا ساڵەهایە ئەم پێناسە ماوەی بەسەر چووە و بە پێناسەیەکی کەموکوڕ لە قەڵەم دەدرێت و لە هیچ کام لە سیستەمە فێرکارییەکاندا وەکوو پێوەر لە بەر چاوی ناگرن، سازان و پێکەوەهەڵکردن تێپەڕوشەیەکە بۆ گەیشتن بە پێناسەی ئاوەز، واتە ئەگەر کەسێک لە کۆمەڵگا توانی بە هاوسەنگییەکی گونجاو بگات و لە نێوان کۆمەڵگا و ڕەهەندە باوەکانی هاوسەنگییەک دروست بکات، لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە کەسێکی بە توانایە و خاوەن ئاوەزێکی باڵایە.

فەرهەنگ کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵناسییەکاندا وەکوو یەکێک لە ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا گرنگیی پێ دەدرێت، زیاتر لە پێنجسەد پێناسەی بۆ کراوە و بەپێی کۆمەڵگاکان پێناسەکانیش جیاوازن، بەڵام پوختەترین پێناسەیەک کە لە فەرهەنگ کراوە ئەوەیە کە "فەرهەنگ بە هۆکارێک دەزانن کە بە ژیانی مرۆڤەکان واتا و ئاراستە دەبەخشێت" بەڵام واتا و ئاراستەی هەر کۆمەڵگایەک لە گەڵ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە لە کۆمەڵگایەک کە سێکۆلارە بەها فەرهەنگییەکان لە گەڵ کۆمەڵگایەکی ئایین تەوەر جیاوازییان هەیە. پێناسە کردنی فەرهەنگ هێندە گرنگە کە "شنایدروبارسۆ" دەڵێت: (تاکەکان تەنیا کاتێک دەتوانن لە فەرهەنگی خۆیان تێبگەن کە لە دەرەوەی فەرهەنگی خۆیان لەگەڵ فەرهەنگێکی دیکە بەرەڕوو ببن).

بەپێی ئەم پێناسانەی کە لە ئاوەز و فەرهەنگ کرا، ئاوەز و فەرهەنگ پێوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە کە دەتوانن ئاراستەی کۆمەڵگا و ڕەهەندەکانی بگۆڕن، ئاوەزی فەرهەنگی پانتایەکی نوێی ئاوەزە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شوێنکارە جۆراجۆرەکاندا هەیە و ڕێگا بە تاکەکان دەدات هەتا لە بیر کردنەوەی کەسانی دیکە تێبگەن و چۆن وڵامدەری پارادایمەکانی کۆمەڵگا ببن و لە ئاکامدا کۆسپەکانی سەر ڕێگای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەکاتەوە و توانای کارگێڕیی فەرهەنگی فرەڕەهەند بە تاکەکان دەبەخشێت. زۆربەی مرۆڤناسەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە کاتێک سازانێک ڕوو دەدات کە تێنەگەیشتنێک لە گۆڕێدا نەبێت، زۆربەی تاکەکان پێیان خۆشە کە کەسانی دیکە نائاسایی و نالەبار شرۆڤە بکەن، کە ئەمە خۆی یەکەم هەنگاو بۆ لێک تێگەیشتن و پێکهێنانی شوێن و ژینگەیەکی ئارام و ئەرێنییە.


ئەو خاڵانە کە لە جیاوازییە فەرهەنگییەکان دەبێت لە بەر چاویان بگرین ئەمانەن:

- ١. ڕەنگە مۆدیلە بەهاکان جیاواز بن، بەڵام هیچ فەرهەنگێک لە هیچ فەرهەنگێک باشتر و گونجاوتر نییە.
- ٢. جیاوازییەکان لە خۆیاندا نەرێنی نین و ئامانج ئەوەیە کە تێبگەین چۆن کەسانی دیکە ببینین و سەرەڕای ئەم جیاوازییانە پێکەوە پێوەندیی دروست بکەین.
- ٣. بڕیاردان لە سەر کەسانی دیکە لە سەر ئەساسی ڕەهەندێکی فەرهەنگیی (ڕەچەڵەک، تەمەن، پێست و... هتد) بە هۆی ناشارەزایی ئێمە لەگەڵ ڕوانگە فەرهەنگییەکانی دیکەیە کە جیاوازییەکان نەرێنی پیشان دەدات.
- ٤. کاتێک دەتوانین زانیارییەکانمان ببەینە سەرەوە کە تێبگەین کەسانی دیکە خاوەن ڕوانگەی خۆیانن.
- ٥. بۆ ئەوەی تاکەکان لە فەرهەنگی یەکتر تێبگەن پێویستە تێبگەین کە کەسانیتر چۆن دنیای خۆیان لە پێوەندیی لەگەڵ چوار توخمی (زەمان، تاک، شوێن و فەلسەفە) یان سێ چەمکی (کردەوە "Practice"، ڕوانگە و بۆچوون "Perspective"، بەرهەم "Product") دەبینن.
- ٦. باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە چەمکی فەرهەنگ، تێگەیشتن و پێناسەی فەرهەنگی خۆمانە.

لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا پێکهاتەی دەسەڵات هەوڵ دەدات کە فەرهەنگ و ئاوەزی فەرهەنگیی بە لێکدانەوەی خۆیان شرۆڤە بکەن و تەواوی فەرهەنگەکان یەک ئاراستەیان و یەک پێناسەیان هەبێت و فەرهەنگ لە ڕوانگەی ئەوانەوە یەک واتای هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەوان واتای پێ دەبەخشن و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت پەیڕەوی لێ بکەن، لە ڕوانگەی پێکهاتەی دیکتاتۆرییەوە جیاوازیی فەرهەنگیی هیچ پێگەیەکی نییە و دژایەتی دەکەن چوونکە بە تێگەیشتن لە جیاوازییەکان دەسەڵاتی ئەوان دەکەوێتە مەترسییەوە و قەبووڵ کردنی جیاوازییەکان بەستێنێک بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی فرە ڕەهەند ڕێک دەخات و پەرەپێدان بە دەسەڵاتی خۆیان لە وەها کۆمەڵگایەک بە ئەستەم دەزانن.

تاکەکانی کۆمەڵگای دیکتاتۆرلێدراو بە هۆی ناشارەزایی لە تایبەتمەندیی و ئاراستە فەرهەنگییەکانی فەرهەنگی خۆ و هەست کردن بە ترس لە بەرەوڕووبوون لە گەڵ فەرهەنگی بەرانبەر تووشی دۆڕان دەبن و کاتێک خۆی لە بەرانبەر فەرهەنگێکی جیاوازدا دەبینێت، خۆی دەخاتە بارودۆخێکی مەترسیدارەوە و تەنیا ڕێگای دەرباز بوون لەو باردۆخە لە سەرکوت و تواندنەوەی فەرهەنگیدا پێناسە دەکات و تەواو هەوڵی خۆی لەو ڕێگایە چڕ دەکاتەوە، ناشارەزا لەوەی کە هەوڵ بۆ تواندنەوە و سەرکوتی فەرهەنگی بەرانبەر لە پەروایێز خستنی فەرهەنگی خۆیە.

بە سەرنجدان بە گەشەکردنی کۆمەڵگا جیاوازەکان، تێگەیشتن لە ئاوەزی فەرهەنگیی گرنگییەکی تایبەت بە خۆ دەگرێت، گرنگترین هۆکار بۆ تێگەیشتن لە ئاوەزی فەرهەنگیی ئەوەیە کە کاریگەریی لە باردۆخە جۆراوجۆرە فەرهەنگییەکاندا زیاتر دەبێتەوە، ئاوەزی فەرهەنگیی لە بەرانبەر فرە فەرهەنگیدا هەستیاری دروست دەکات و خۆگونجاندن و پێوەندییەکان لەو بوارە دەگەشێتەوە و پێش بە گشتگیر کردنی فەرهەنگی کەمینەی دەسەڵات دەگرێت و بڕیار و ئاکامی کارەکان باشتر دەکات.



قازانجی ئاوەزی فەرهەنگیی لە سێ خاڵدایە:

- ١. تێگەیشتن لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فەرهەنگی خۆ (لە ئاوەزی فەرهەنگیی تاک هەوڵ دەدات لە خاڵە بەهێزەکانی خۆی کەڵک وەر بگرێت و خاڵە لاوازەکانی بەهێز بکات).
- ٢. پەرەسەندنی ڕوانگە تاکەکەسییەکان (تاک دەبێتە ئاوێنەی باڵا نوێنی خۆی و ڕوانگەکانی خۆی شرۆڤە دەکات و لە ڕێگای پرسیار کردن ئاوەزی فەرهەنگیی خۆی دەباتە سەرەوە و لە زۆربەی کاتەکاندا لە بۆچوونە شوێندانەرەکان کەڵک وەر دەگرێت).
- ٣. تێگەیشتن لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فەرهەنگی نامۆ (لەم بەشەدا تاک لە بە هەڵەتێگەیشتنەکان دەپارێزێت و لە ئاڵۆگۆڕە فەرهەنگییەکاندا کاریگەرترین ڕوانگەکان دەخاتە بەر چاو).

ئەو کەسانەی کە خاوەن ئاوەزێکی فەرهەنگیی باڵان بە خێرایی لە ئاڵۆگۆڕەکانی بواری فەرهەنگیی تێدەگەن و بە ڕێکوپێکی لەگەڵ جیاوازییە فەرهەنگییەکان خۆیان دەگونجێنن و هەڵسوکەوتەکانی نێو فەرهەنگییەکانی بە شێوازێک ڕێک دەخات کە دەبێتە ئاڵۆگۆڕێکی باش و داهاتوونواڕییەک کە جیاوازییە فەرهەنگییەکان تێیدا کەمڕەنگ دەبنەوە.

پێوەندی بناغەی هەموو هەڵسووکەوتێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە پێوەندییە فەرهەنگییەکاندا زۆر بابەت بەرچاون کە پێش بە لێک تێگەیشتنەکان دەگرن، بە هۆی ئەوەیە کە تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک خاوەن وردە فەرهەنگ و فەرهەنگێکی نەتەوەیی جیاوازن و بەستێن یان ڕەمز و ڕێککەوتنێکی هاوبەشیان نییە، سەرەڕای گرنگیی تواناییەکانی زمان، پێوەندییە فەرهەنگییەکان بابەتگەلێکی بەربڵاوتر لە جیاوازیی زمان لە خۆ دەگرن کە دەکرێت ئەو ڕەمزە و ڕێککەوتنانەی کە لە فەرهەنگ ڕیشەیان داکوتاوە بە شێوەیەکی بێزمانی گونجاو ڕێک بخرێت، هەر تاکێک بە بەستێنی فەرهەنگیی هاوبەشەوە خولیای دەرخستنی نموونە هاوبەشەکان فیکری، هەست و دژکردەوەکان لە ڕاستای میراتە فەرهەنگییەکانی خۆیانن، هەر هەڵسووکەوتێک لەگەڵ فەرهەنگ و نەریتێک سەرچاوە دەگرێت و هەر فەرهەنگێکیش شێوازی پێوەندیی گرتنی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بۆ گەشەی فەرهەنگیی چالاکانی ئەو بوارە جیا لە ناساندنی فەرهەنگی و داب و نەریتی خۆیان هەوڵی ناساندنی فەرهەنگی دەوروبەریش دەدەن و لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکان بە دەرئەنجامێکی گونجاو بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی دەگەن و پێوەندییەکان لە سەر خاڵە جیاوازەکان دروست دەکەن و خاڵە هاوبەشەکانیان لە سەر ئەو پێوەندییە بەربڵاوتر دەکەنەوە، لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەپێچەوانە هیچ هەوڵێک بۆ گەشەی بواری فەرهەنگی نادرێت چوونکە لەو کۆمەڵگایە هیچ چالاکێکی فەرهەنگی بە واتای ڕاستەقینەی خۆی بەدی ناکرێت کە لە پێشدا فەرهەنگی خۆی بناسێت و پاشان هەوڵی ناسینی فەرهەنگە جیاوازەکان بدات و هەر ئەم نەناسینەی دەبێتە هۆی پێکهاتنی مەودایەکی دوور و درێژ لە نێوان پێوەندییە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان و بواری فەرهەنگیی، کە دەرئەنجامەکەی دەست و پێ لێدان لە نێو زەلکاوی بیر و باوەڕێکی یەک ڕەهەندییە کە بەرهەمی توتالیتاریزمە.

### سەلام ئیسماعیل‌پوور، چالاكی سیاسی لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "كوردستان"دا:

# ئەو دیوارەی كە چەندین سەدە كرماشانی گەمارۆ دابوو، داڕووخاوە



**بزووتنەوەی خوێندكاری لە ئێران، یەكێك لەو بزووتنەوانە بووە كە لە چەند دەیە چالاكیی خۆیدا، بە چەشنێك لە پانتایی دەرئەنجامی بۆشایی چالاكیی ئازادانەی حیزبە سیاسییەكان بیچمی گرت و بە تێپەڕاندنی هەوراز و نشێوەكانی ڕێگای خۆی بڕیوە. بیچم گرتنی بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردستانیش كەم تا زۆر لەژێر كاریگەریی هەمان بارودۆخی میلیتاریستی و خەفەقانی ڕێژیم لە دژی ناوەندە سیاسییە خاشەدارەكانی كوردستان بووە و خوێندكارانی كورد لەو چەند ساڵەی دواییدا هەوڵیان داوە تا ئەو جێگایەی دەكرێت زانكۆكان بكەنە پانتایەك بۆ هێنانەئارای هەندێ داواكاریی سینفی، سیاسی و شوناسخوازانەی خۆیان.**

**لە پێوەندی لەگەڵ چالاكییەكانی خوێندكارانی كورد لە زانكۆكانی كرماشان و چۆنیەتی هەڵسوكەوتی بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندكاریی ناوەندگەرای ناسراو بە «سەراسەری» لە ئێران، وتووێژێكمان لەگەڵ سەلام ئیسماعیل‌پوور، سكرتێری پێشووی یەكیەتیی خوێندكارانی دێموكراتی كوردستانی ئێران پێكهێناوە كە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ ڕادەكێشین:**

**هەڤپەیڤین: شەهرام میرزایی**
و لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

**كوردستان: ئەگەر بمانەوێ بپەرژێینە سەر خەسارناسیی چالاكییە سیاسی – سینفییەكانی خوێندكارانی زانكۆكانی كرماشان، بەڕای ئێوە بۆچی ئاستی چالاكی لەو بەشەی كوردستاندا كەمڕەنگترە؟**

**سەلام ئیسماعیل‌پوور:** ئەگەر مەبەستتان بەراوردی زانكۆكانی كرماشان لەگەڵ زانكۆگەلی گەورەی وەك "زانكۆی تاران، پۆلی تەكنیك، عەلامە و... بێت، ئەم بۆچوونە ڕاستە و بۆ ئەم پرسەش دەكرێ ئاماژە بە چەند هۆیەك بكرێت. بۆ وێنە زانكۆكانی كوردستان بەگشتی لە بواری مێژووی دامەزران و چالاكییەوە، بە بەراورد لەگەڵ زانكۆكانی شارە گەورەكانی دیكە، بە نوێ و كەم تەمەنتر دێنە ئەژمار. ئاساییە كە ناكرێ چاوەڕانیی ئەوەت هەبێ لە ناوچەیەكی بێبەش و تا سەر ئێسقان میلیتاریزەكراوی ژێر گوشاری ئەمنیەتیدا، هاوشانی ناوچەكانی دیكە كە پێشینەی كۆڕ و كۆبوونەوەی سیاسی و ڕێكخراوەیی تێیاندا لە ناوچەكانی دیكە زیاترە، بزووتنەوەی خوێندكاری گەشە بكات.

ئەگەریش مەبەست بەراورد لەگەڵ ناوچەكانی دیكەی كوردستان بێت، من لەو باوەڕەدام كە زانكۆكانی كرماشان لەم بارەوە نە تەنیا چالاكییان كەمڕەنگ نییە، بەڵكوو بە جۆرێك وەك پێشەنگیش دێنە ئەژمار. تەنانەت ئەو ئیزنەش دەخوازم باس لەوە بكەم كە زانكۆكانی كرماشان لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بەردەوام ناوەندێك بۆ هاوپێوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی بزووتنەوەی خوێندكاریی كورد بوونە و هاوكات بوونەتە ناوەندێك بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و پەرەدان بە ڕوانگەی شوناسخوازی لە نێوان زانكۆكانی كوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەم پرسە لە كاتێكدایە كە ڕێژیمی ئێران هەموو هەوڵی خۆی بۆ لێكترازانی پرسی شوناسخوازی و نانەوەی دووبەرەكی لە نێوان ناوچە جیاجیاكانی كوردستاندا خستووەتە گەڕ، بۆیە جەمسەربوونی كرماشان وەك ناوەندی بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردی، هەڵگری واتای قووڵ و گرینگیی تایبەتە. هەر لەم زانكۆیانەدایە كە خوێندكارانی كرماشانی، سنەیی، مەهابادی و ئیلامی و.. خاڵە هاوبەشە نەتەوەیی و شوناسخوازییەكانیان دەدۆزنەوە و دەكرێ بڵێین هەر لەناو ئەو زانكۆیانەدایە كە (نیوەی ونبووی شوناس)ی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەم بابەتە بەتایبەتی لە كرماشان وەك سەرەتا و دەروازەیەك بۆ ڕێنێسانسی شوناسخوازی و توانەوەی بەستەڵەكی سەد ساڵەی ئاسیمیلاسیۆنی ڕەزاخانی دێتە ئەژمار.

**كوردستان: خاڵە جیاواز و هاوبەشەكانی بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردی، لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندكاریی ناوەندگەرا كامانەن؟**

**سەلام ئیسماعیل‌پوور:** لە ڕوانگەیەكی ڕەشبینانە، یان باشتر وایە بڵێم ڕیالیستییەوە، دەكرێ بڵێین بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردی بە شێوەیەكی پەنگراو، هەڵگری پەیامێكی جیاواز و تەنانەت دژی بزووتنەوەی ناوەندگەرای ئێرانی یان ئەو ڕەوتەیە كە بە ناوی (بزووتنەوەی خوێندكاریی سەرتاسەری) دەناسرێت. بە واتایەكی دیكە، بزووتنەوەی خوێندكاریی كورد، هاوچەشنی بزووتنەوە شوناسخوازە خوێندكارییەكانی دیكە لە ئێراندا، جیاواز لە ئاخێزگە ڕەسەنە نەتەوەیی و ناوچەییەكانی خەباتی خۆی، بە جۆرێك لە هەوڵی پڕكردنەوەی كەلێن و بۆشاییەكانی نێو ستراتیژی، بەرنامە و ئامانجەكانی بزووتنەوەیەكدایە كە نزیكەی نیو سەدەیە لەژێر هێندێك ناوی وەك "عەداڵەتخوازی، دژایەتیی ئیمپریالیزم، ئازادیخوازی، ئیسلاحخوازی، گوتاری چەپ، نەتەوەخوازیی ئێرانی و..." بەردەوام هەڵگری یەك ئاڵا بووە كە ئەوەش بریتییە لە حاشاكردن لە شوناسە جیاجیاكان و مافە سەرەتایی و ڕەواكانی پێكهاتە نەتەوەییەكان و سیاسەتی یەكدەستكردن و سەپاندنی تاقە فەرهەنگ و خۆنوێنیی باوكسالارانە! لە هەمبەر پرس و شوناسە نەتەوەییە جیاجیاكانی كۆمەڵگەی ئێراندا.

پەیام و ئارمانجی سەرەكیی بزووتنەوەی خوێندكاریی كورد، ڕاست هەمان ئەو بابەتەیە كە بۆ بزووتنەوەی پاوانخوازی ناوەندگەرا، بەردەوام وەكوو تابۆ و هێڵی سوور چاوی لێ كراوە كە ئەویش قامك خستنە سەر خاڵی لاوازی گوتارەكانی

> **كرماشان سەرەڕای هەموو هەوراز و نشێوەكانی ڕۆژگار، ئێستا بە پێشەنگایەتیی بزووتنەوەی خوێندكاری و كۆمەڵگەی فەرهەنگی و بژاردە هونەرییەكان و بیرمەندەكانی، لەبەردەم كرانەوەی دەروازەی ڕێنێسانسی نەتەوەییدایە و لە داهاتوویەكی نزیكدا لەوێوە تیشكی ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ ناوچەكانی دیكە دەهاوێژرێت**

هەڵگری بانگەشەی ئازادیخوازی و عەداڵەتخوازی یەك دەیەی ڕابردووی ئێران، واتە خۆدزینەوە لە پرسی نەتەوەیی و مافی ڕەوای نەتەوە زوڵملێكراوەكانی ئێرانە. بەو واتایە كە خوێندكاری كورد، جیا لە كەموكووڕی و ستەمی سیستماتیك كە كاریگەری لە سەر سەرلەبەری سیستمی خوێندن و پەروەردەی باڵا دادەنێت، لە بەرانبەر پرسی نەتەوەیی و ناسنامەی خۆیدا هەست بە جۆرێك لە ستەمی چەندقات و زێدەڕۆیانە دەكات كە بەرانبەر بە شوناسی دەسەڵاتی هێژموونیخواز نە تەنیا ئەمە بابەت و پرسی ڕۆژەڤ نییە، بەڵكوو باسكردنیشی لەلایەن نەتەوە زوڵملێكراوەكانەوە، وەك هەڕەشە و مەترسییەك لەدژی یەكپارچەیی سەپێندراو و هێژمۆنیی ناڕەوا و لەمێژینەی دەسەڵاتی زاڵ لە قەڵەم دەدەن و بە ئاشكرا لەدژی دەوەستنەوە و ڕێكاری حاشاكردن و بەرەنگاریكردنی دەگرنە بەر و لە هەوڵی بەلاڕێدابردن و لێكترازانیدا هەست بە هیچ دڕدۆنگییەك ناكەن.

لە پێوەندی لەگەڵ خاڵە هاوبەشەكانی ئەم دوو جۆرە بزووتنەوەیەدا، بە پلەی یەكەم دەكرێ ئاماژە بە داخوازییەكانی تایبەت بە توێژی خوێندكار بكەین بۆ وێنە داواكردنی پێداویستییەكانی خۆشبژێوی، داواكارییە زانستییەكان، داخوازی سەربەخۆیی زانكۆكان و پێشگیری لە هاتنی هێزە ئەمنی و سەربازییەكان بۆ ناو زانكۆكان. لە پلەی دواتر و هەڵبەت گرینگتردا پرسگەلێكی وەك داخوازیی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ئازادیی سیاسی دەكرێ لە خاڵە هاوبەشەكانی ئەم دوو بزووتنەوە خوێندكارییە بن. بەڵام هەروەك ئاماژەمان پێ كرد، خوێندنەوەی سەقەت و باوكسالارانەی تاقمی دەسەڵاتی زاڵ لەم چەمكانە، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی و ناكۆكیی بنەڕەتی لە پێناسەكردنی ئەم چەمكانەدا و یەكیەتی و هاوپێوەندیی ئەم دوو بزووتنەوەی تووشی بەربەست و گرفت كردووە.

**كوردستان: بزووتنەوەی خوێندكاریی ئێران چۆن دەتوانێ یارمەتیدەری ویستە دێمۆكراتیك و ڕەواكانی بزووتنەوەی خوێندكاریی كورد بێت؟**

**سەلام ئیسماعیل‌پوور:** بەڕای من بزووتنەوەی خوێندكاری ئێستا بە بەراوردی دوو دەیەی پێشوو، لە قۆناغێك لە وەستان و پەراوێزكەوتندایە. جیا لەمەش، جۆرێك لە پاشەكشە و كۆنەپەرستی و پاشكەوتنخوازی لە هەڵوێستەكانی ئەم بزووتنەوەیەدا بەرانبەر بە پرسگەلێكی وەك "ئازادی، دێمۆكراسی و پرسی نەتەوەیی" هەست پێ دەكرێت كە زۆر جێگەی داخ و نائومێدین. بزووتنەوەی خوێندكاریی ئێران ئەگەر بیهەوێ ڕۆڵی پێشەنگایەتیی خۆی لە پرسە كۆمەڵایەتییەكانی ئێراندا بپارێزێت، پێش هەموو شتێك دەبێ لەو قاوخە ڕەقە چەقبەستووە خۆكردەی بێتە دەر و كاژ بخات و بەو جۆرەی كە شایستەی ناوی زانكۆ و هەڵگرانی پەیامی بنەڕەتیی زانست، واتە ڕەخنە و ئاوەزی ڕەخنەگرانەیە، بپەرژێتە سەر ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو و خەسارناسیی گوتاری خۆی و بزووتنەوە ئازادیخوازییەكانی سەدەی ڕابردووی ئێران و بوێرانە خاڵە لاوازەكانی ئەم ڕێگایە دەستنیشان بكات و هەوڵی چارەسەریی بنەڕەتییان بدات. بە باوەڕی من، ئەگەر لەم خەسارناسییەدا دەستەوداوێنی میتۆد و ڕێكارە هەڵە و نەشیاوەكان نەبێت و بوغز و بیرۆكە كۆنەكانی گوتاری ناوەندگەرێتی دیسان بەرۆكی پێ بگرن، بێگومان لە هەمبەر چارەسەری پرسی نەتەوەكاندا دەكەوێتە سەر ڕاستەڕێی هەڵوێستی بوێرانە و شەرەفمەندانە. وەها ڕێكارێك بێگومان لە لایەن هەموو پێكهاتە و بزووتنەوە شوناسخوازەكانەوە پاڵپشتیی لێ دەكرێت و یارمەتیدەری نزیكایەتی و هاوبەشی لە هەڵوێستەكانیاندا دەبێت.

**كوردستان: بزووتنەوەی خوێندكاری لە كرماشان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**سەلام ئیسماعیل‌پوور:** هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ كرد، لەو باوەڕەدام بە هاتنە سەركاری ئەحمەدی‌نەژاد لە ئێران، قۆناغێك لە لاوازی و وەستان بزووتنەوەی خوێندكاری، سەرتاسەری ئێران و كوردستانی گرتەوە كە دوای هاتنە سەر كاری ڕۆحانیش، سەرەڕای هێندێك گۆڕانكاریی ڕووكەشی، دیسان ئەو دۆخە هەروەك خۆی مایەوە. هەر بەو هۆكارانەی كە لە پێشدا ئاماژەم پێ كردن و بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردم لەم ناوچەیەدا بە خاڵی جێگەی ئومێد و بزوێنەر بۆ بەهێزبوونی شوناسی نەتەوەیی كورد لە كرماشان پێناسە كرد، ستەم و زەبروزەنگی دەسەڵاتیش بزووتنەوەی خوێندكاری لە كرماشان وەك مەترسییەك لە قەڵەم دەدات و بۆ پەراوێزخستنی، دەستەوداوێنی چەندین جۆر پیلان و سەركوت بووە. پەرەدان بە مادە هۆشبەرەكان لە زانكۆكاندا، گرتنەبەری یاسای توندوتۆڵی ئەمنی و سەركوتكاری لەدژی خوێندكاران و كەڵكاژۆ وەرگرتن لە جیاوازییە فەرهەنگی، ناوچەیی و مەزهەبییەكان و هەوڵدان بۆ ئەوەی كە ئەم پرسانە بكاتە هۆكاری كێشە و ناكۆكی، بە خۆجێی كردنی زانكۆكان (بومی گزینی) و چەندین پرسی دیكە، هەموویان نیشانەی هەوڵەكانی ڕێژیمن بۆ شكست پێهێنان بە شەپۆل و بزاوتی بەربڵاوی شوناسخوازی لەناو زانكۆكانی كرماشاندا. بەڵام پێم وایە قۆناغی ئێستا زۆر جیاوازە لە قۆناغی سەرەتاكانی شۆڕشی گەلانی ئێران و سەردەمی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی زانكۆكوژانەی ناسراو بە "شۆڕشی فەرهەنگی"یە و ناكرێ ئەم پەیكەرە ڕاچەنیو و وشیارە بگەڕێننەوە بۆ نێو بوتڵە شووشەی شكاوی سەرەڕۆیی و دیكتاتۆری. ئەو دیوارەی كە چەندین سەدە كرماشانی گەمارۆ دابوو، داڕووخاوە. بزووتنەوەی خوێندكاری بە تێپەڕین لە دیوارەكانی كۆخی تەنگەبەری داگیركاری و ستەم، نەتەنیا ئاسۆگەی ڕوانینی خۆی بۆ سەرتاسەری كوردستان كردووەتەوە، بەڵكوو دەروازە بەرینە جیهانییەكانی بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا بەڕووی خۆیدا كردووەتەوە. ئەمە بەو مانایەیە كە كرماشان سەرەڕای هەموو هەوراز و نشێوەكانی ڕۆژگار، ئێستا بە پێشەنگایەتیی بزووتنەوەی خوێندكاری و كۆمەڵگەی فەرهەنگی و بژاردە هونەرییەكان و بیرمەندەكانی، لەبەردەم كرانەوەی دەروازەی ڕێنێسانسی نەتەوەییدایە و لە داهاتوویەكی نزیكدا لەوێوە تیشكی ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ ناوچەكانی دیكە دەهاوێژرێت.



# گەمە بە کارتی داگیرکەران، ئاکامەکەی دۆڕانە

**عەلی مۆنەزەمی**

مێژووی خەباتی گەلان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ئازادیخوازان بۆ بەچۆکداهێنانی داگیرکەران، بە پێچەوانەی زاگۆنەکانی گەمەی داگیرکەران هەنگاویان هەڵگرتووە تاکوو بتوانن گەمە لە داگیرکەران تێکبدەن و ڕێگا نەدەن کە هەموو شتێک بە گوێرەی ئارەزووی دوژمنانیان بەرەوپێش بچێ. هەر بۆیە توانیویانە بە سەرکەوتن بگەن و زنجیری ژێردەستی لە دەست و پێی گەلەکەیان بکەنەوە و بە سەربەستی و ئازادی بژین.

لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی گەلەکەمان بۆ سەربەستی و ڕزگاری دەردەکەوێ کە ڕێبەرانمان زۆر جار سادە و ساکار بڕوایان بە داگیرکەران کردووە و یاسا فێڵبازانە و دوڕوویانەکانی ئەوانیان لە گەمەی سیاسیدا پەسەند کردووە و بە پێی ئەو یاسا دڕۆیینانە جوڵاونەتەوە و ئاکامەکەی بێجگە لە شکان هیچ شتێکی تر نەبووە. ئێستا لە سەدەی بیست و یەکدا جارێکی دیکە ئەو سێناریۆیە لە لایەن هێزەکانی کوردەوە پەیڕەو دەکرێ و لە ڕۆژئاوای وڵات خەریکن پیلانێک دەگێڕن بە مەبەستی سڕینەوەی یەکجارەکیی ناسنامەی کوردستانیی ڕۆژئاوای وڵات و دڵخوازانە ئینکاری بوون و مەوجوودیەتی خۆیان دەکەن و ڕەوایی بە داگیرکاری دەبەخشن. ئەو کار و کردەوەی لە سەرەوەدا ئاماژەی پێ کرا، هەڵەی تاکتیکی نین، بەڵکوو ستراتیژیکین. سێبەری وەها هەڵەیەک دەتوانێ بە دەیان ساڵ لە سەر خەڵک و وڵاتەکەمانەوە بمێنێتەوە و ڕێگای سەربەستی پڕ کێشە و ئەستەم بکات.

پرسیارگەلێک کە سەبارەت بەو پرسگرێکەی ئاماژەپێکراو لە سەرەوەدا، بە تایبەت لە دوای ئەوەی کە پەیەدە لە ڕێگای ئەنجومەنی دامەزرێنەری سیستمی فێدراسیۆنی باکووری سووریا هەوڵی سڕینەوەی ناوی ڕۆژئاوای کوردستانی داوەتەوە، لێرەدا زەق دەبنەوە ئەمانەن: گەلۆ پەیەدە بە هەڵبژاردنی ئەو ستراتیژییە نوێیە دەیەوێ ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو چ چارەنووسێک بەرێ؟ پەیەدە چ بژاردەیەکی دیکەی لە بەردەستدا بوو و لە سەر بنەمای کام زانیاری ئەو هەنگاوەی هەڵگرتووە؟

هەوڵ دەدرێ کە لەو وتارەدا خوێندنەوەیەک لە سەر بارودۆخی شپرزەی ڕۆژئاوای وڵاتەکەمان بدەمەوە و سێناریۆ ڕەنگاوڕەنگەکان بەپێی توانا بخەمە بەر شی کردنەوە و وێنایەک لە ڕفتار و کرداری ئەکتەرانێک کە لە بەردەم هەندێک بژاردەی دیاریکراودا بۆ چالاکی جێگایان گرتووە و چۆن بە ئاگایی لە ئاکامی هەر یەک لە ئەم بژاردانە بە پێشوەخت، بژاردەیەک هەڵدەبژێرن کە دەبێتە هۆی ئینکاری وجوودی خۆیان، بخەمەڕوو. ئەوان چاک دەزانن کە سنووری وڵاتی نەتەوەیی خۆ تێکدان بۆ پاراستنی سنووری چرووکی داگیرکەران، لە باشترین حاڵەتدا دەچێتە خانەی گەلفرۆشی. ئەوان بەو شێوەیە پاراستنی بوونی خۆیان ناکەن. ئەگەریش بوونی خۆیان بپارێزن، مەوداکەی تا بندەستیی دووبارە زۆر کەمتر لەوەیە کە بیریان لێ کردبێتەوە. بەو بژاردەیە دیسان پاژنەی پێی جەلادەکان دێتە بەر گوێ و ژێردەستییەکی بەردەوام و دووبارە کوژرانی شەهیدانی کۆبانی خەونی منداڵانی ئەهوورایی دەشێوێنێ. چ ناخۆشە کە ڕۆژئاوای وڵاتەکەت پێشکەش بکەی بۆ ئەوەی کە ببێتە باکووری وڵاتێکی دیکە. خۆ کەم بینی بووەتەوە کولتوورێکی ناپەسەند و لە ڕاستیدا "بێ کولتووری".. بۆ وا فێر کراون؟ بۆ وا فێر بوونە؟ ئازادی و سەربەستییش شەرمەزار دەبێ لە ئاکامی بژاردەی نادروستدا.

ئەگەر تەماشای ڕۆژئاوای کوردستان بکەین، دەتوانین ئەو ئەکتەرانەی کە دەتوانن کارتێکەری ساز بکەن لە سەر ئەوەی کە پارتە کوردییەکان و بە تایبەتی پارتی دەسەڵاتدار -پەیەدە- چ بژاردەیەک لە بژاردەکانی بەردەمیدا هەڵبژێرێ، دەتوانین گەورەترین ئەکتەرەکان بەو شێوەیە دەستەبەندی بکەین:

ئەکتەرەکانی کوردستان:

پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان: وەک ئەنەکەسە

پارتەکانی باکووری کوردستان: وەک پ ک ک و پارتەکانی باشووری کوردستان: وەک پارتی و یەکێتی

ئەکتەرەکانی ناوچەیی:

داگیرکەرانی کوردستان: ئێران و تورکیە

ئەکتەرەکانی نێوخۆی سووریە: وەک ڕێژیمی ئەسەد، گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن و داعش

ئەکتەرەکانی نێونەتەوەیی:

ئامریکا و ڕووسیە

هەر وەک هەموو لایەک باش ئاگادارن، لە سەرەتای کێشەکانی نێوخۆیی سووریەدا و هەڵگیرسانی شەڕ لەو وڵاتە، ڕێژیمی بەعسی سووری هێزەکانی داگیرکەری خۆی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەمان کشاندەوە و پەیەدە وەک هێزێکی کاریگەر لەو بەشەی کوردستاندا خۆی ئۆرگانیزە کردەوە و دەسەڵاتی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا بەدەستەوەگرت. پەیەدە لە ماوەی ئەم چەند ساڵە لە دەسەڵاتداریەتیی خۆیدا زۆر کاری ئەنجامداوە کە هەم کاری جوان و ئەرێنی بوونە و هەمیش کاری ناشیرین و بە دژی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. ئەگەرچی پەیەدە توانیی مۆدێلێکی نوێ لە بەڕێوەبەری دامەزرێنێ و هەموو گرووپە ئۆلی و ئێتنیکییەکان تێیدا بەشدار بکا و ژنان تێیدا ڕۆڵی بەرز بگێڕن، بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتدارییەتییە تاک حیزبییە و پارتەکانی دیکە کە جیاوازیی بیر و ڕایان لە گەڵ پەیەدە هەیە، ئیزنی بەشدارییان تێیدا نیە، مرۆڤ ناتوانێ ئەو سیستمە وەک سیستمێکی دێموکراتیک و سەرکەوتوو پێناسە بکا. بڕوام وایە کە ئەگەر ئەم سیستمە داخراو نەبوایە، ئەمڕۆ شاهێدی ئەم یەکە نەدەبووین کە ئەنجومەنی دامەزرێنەری سیستمی فیدڕاڵی دێموکراتی باکوری سووریا بە سانایی ئینکاری ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد و بەشێک لە خاکی کوردستان بکا و وا نیشان بدەن و پڕوپاگاندا بکەن کە گۆیا پڕۆژەی نەتەوەیی کاتی بەسەر چووە و دەبێ جێگای بدات بە پڕۆژەی "کۆمەڵگای دێموکراتیک". ئەم هزرە لە سیاسەتەکانی پ ک ک وە سەرچاوەی گرتووە. لەبەر ئەوەی کە پەیەدە لە سیاسەتەکانی ئەم پارتە ئیلهام وەردەگرێ و پێڕەوی لە سیاسەت و فەلسەفەی ئەم پارتەی باکووری وڵات دەکاتەوە. بۆیە حیزبەکانی دیکەش وەک پارتی پێشڤەڕۆ و ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریە (ئەنەکەسە) و زۆر هێز و لایەنی دیکە کە لە پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشوور نزیکن، بە دژی ئەم سیاسەتە و ئەم پرۆژەیەی پەیەدە هەڵوێستیان گرتووە و ئەم سیاسەتەیان بە لەنێوبردنی پرۆژەی نەتەوەیی و وەک هەڵەیەکی مێژوویی پێناسە دەکەن. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە پارتەکانی دیکەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان سەرەڕای هەبوونی هێزی پێشمەرگە، بۆ خۆ دوورخستنەوە لە شەڕی براکوژی لە نێوان ئەوان و پەیەدەدا، پێشمەرگەکانیان زۆرتر لە باشووری کوردستان جێگیر کردووە و نایانەوێ لە ڕێگای شەڕی براکوژی لە گەڵ پەیەدە جێگای خۆیان لە ڕۆژئاوای وڵاتدا بکەنەوە. ڕێزدار ئیبراهیم برۆ، سەرۆکی ئەنەکەسە زۆر جار ئاماژەی بەو گەف و هەڕەشانە داوە و وەبیری خەڵکی هێناوەتەوە. ئەنجومەنی دامەزرێنەری سیستمی فیدڕاڵی دێموکراتی باکووری سووریە کە داوا لە هێزەکانی دیکەی کورد دەکات بۆ بەشداریی لەو ئەنجومەنەدا، لە ڕاستیدا نەک بۆ بەشداری پێکردنێکی دادپەروەرانە، بەڵکوو بۆ ڕەواییدانی زیاتر بە هەڵوێست و کردەوەکانی خۆیەتی. هەر بۆیەش ئەم حیزبانە تا ئێستا نەیانتوانیوە لە تەنشت پەیەدەدا لە یەک سیستمدا کار بکەن. دیارە کە پەیەدە بە بێ گوێ ڕاگرتن بۆ هەڵوێست و کردەوەی ئەم پارتانە بڕیاری داوە لە ڕێگای ئەنجومەنی دامەزرێنەری سیستمی فێدڕاڵی دێموکراتی باکووری سووریەوە نێوی ڕۆژئاوای وڵات بسڕێتەوە. یانی ئەو بژاردەی پەیەدە نەک لە بەر بژاردە و هەنگاوەکانی پارتە کوردییەکان، بەڵکوو لە بەر بژاردەی لایەنەکانی دیکەی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسەتی سووریە و ڕۆژئاوای کوردستانە.

ئێستاش کە ئێستایە ڕادەستکردنی ڕۆژئاوای کوردستان بە پەیەدە و کشانەوەی هێزەکانی داگیرکەری بەعسی سووریە لەو ناوچانە و ڕێکەوتنەکانی پشت پەردەی پەیەدە و دەوڵەتی سووریە نارۆونە. هەڵبژاردنی ئەم بژاردەیە لە لایەن پەیەدە و دەوڵەتی داگیرکەری سووریە دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان پ ک ک و دەوڵەتی سووریە لە لایەک و پەیوەندییەکانی نێوان پەیەدە و پ ک ک لە لایەکی دیکەوە. ئێستاش کە خەریکە شەڕی نێوخۆیی سووریە ئاگربەستی بۆ دەکرێ، دەوڵەتی ناوەندی چەندین جار داوایان لە پەیەدە کردووە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لە نیوانیاندا بووە، ڕادەستی حکوومەتی داگیرکەری سووریە بکەنەوە. ئەمە دەتوانێ یەکێک بێ لە هۆکارەکانی سڕینەوەی نێوی ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن پەیەدەوە.

نابێ لە بیر بکرێ کە پەیەدە لە ڕاوەستانی جوامێرانە لە بەرانبەر داعش و خولقاندنی داستانی مێرخاسانەی کۆبانی، توانی سەرنجی دەوڵەتانی ناوچەیی و زلهێزەکانی وەک ئامریکا و ڕووسیە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.. بەڵام ئێستا کە ئامریکا زۆرتر هەوڵەکانی خۆی بۆ گرتنی مووسڵ بە هاوکاریی سوپای ئێراق و هێزی پێشمەرگە چڕ کردووەتەوە و دەیەوێ بە گرتنی مووسڵ، هەنگاوی دەستپێکی کۆتاییهێنان بە داعش هەڵگرێ، وا دێتە بەرچاو کە پەیەدە گرینگیی وەک جارانی بۆی نەمابێ. بە تایبەتی بە دوای هەڵبژاردنی ترامپ بە سەرۆک کۆمار لە ئامریکا، ڕۆژئاوا ڕۆڵی جاران لە شەڕی سووریەدا ناگێڕێ. ئەکتەرە سەرەکییەکانی شەڕی سووریە لە ئێستادا ئێران، تورکیە و ڕووسیەن. دیارە کە ڕووسیە و ئێران بۆ سەرخستنی ڕێژیمی ئەسەد لەو شەڕەدا، دیسپۆتێکی وەک ئەردۆغان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. بۆ ڕاکێشانی تورکیە بە قازانجی خۆیان، دیارە کە لە سەر کورد ساتوسەودا کراوە. لە بەر ئەوەی کە تورکیە لە لایەک پەیەدە وەک شاخەیەکی پ ک ک پێناسە دەکا و لە لایەکی دیکەش لە بەر کوردبوونیان بە هەڕەشە لە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانێ.

ئێرانیش کە لە دێرینەوە دوژمنی کوردە و زەبر وەشاندن لە کورد و بەرژەوەندییەکانی لە کوێ بێ، بە قازانجی خۆی دەزانێ. کورد بۆ ڕووسیەش هیچ بەرژەوەندییەکی نەبوو و بۆیە ڕووسیەش بە هاسانی توانی لە بەرانبەر ویستەکانی تورکیەدا چاوپۆشی لە کورد بکا. پەیەدە بەو هەموو دەرفەتەی کە لە بەردەستیدا هەبوون، نەیتوانی یەکیەتییەکی نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای وڵات ساز بکا و هەگەری مەوجوودییەت و بوونی خۆی بسەلمێنێ. بۆیە ئەگەر لەو کاتە کەمەی کە لە بەردەستیدا ماوە، لایەنەکانی دیکەی کورد ڕازی نەکا و پێداگری لەسەر ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان نەکا، بە قەولی کورد وتەنی ڕۆژئاوای کوردستان و پەیەدە و لایەنەکانی دیکە هەموویان پێکەوە ئاوەوئاو دەڕۆن. هیوام وایە کە قەت وەها ڕۆژێک نەبینم.

**د. مەحموود عوسمان:**

## ڕێژیمی ئێران بەردەوامە لە بەکارهێنانی تێرۆریزمی دەوڵەتی بەرانبەر بە کورد

دوکتور مەحموود عوسمان سیاسەتمەداری کورد ڕایگەیاندووە کە؛ ڕێژیمی ئێران لە سەر تێرۆریزمی دەوڵەتی بەرانبەر بە کورد بەردەوامە و دەبێت حیزبە کوردییەکانی هەموو بەشەکان بەرانبەر بەم تێرۆریزمە دەوڵەتییە یەکگرتوو بن.

سیاسەتمەداری ناوداری کورد و پارلمانتاری پێشووتری عێراق، دوکتور مەحموود عوسمان ڕایگەیاندووە کە؛ ڕێژیمی ئێران لەگەڵ لە سێدارەدانی چالاکوانانی کورد، دەریدەخات کە ئەو ڕێژیمە بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی تێرۆریزمی دەوڵەتی بەرانبەر بە کورد چ لە ئێران یان لە دەرەوەی سنوورەکانی، داواش دەکات کورد بەرانبەر نەیاران و دوژمنەکان، یەك بن.

د. مەحموود عوسمان، لە بارەی تەقینەوەکانی شاری کۆیە کە چەندین شەهید و برینداری لێکەوتەوە، ڕایگەیاند کە؛ پێویستە بەهەموو شێوەیەک ڕیسوا بکرێت.

دوکتور مەحموود عوسمان هەروەها باسی لەوە کردووە کە؛ ئەو هێرشە تێرۆریستییە کە ڕێژیمی تاران لەپشتیەوەیەتی، دەوڵەتی تورکیەش بەردەوامە لەسەرهەمان تێرۆر دژی کوردی باکوور و کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی، ئەم سیاسەتە هەمیشە زەرەربەخش بووە بۆ هەموو لایەک و ئەوەش سووربوونی نەتەوەی کوردی زیاتر کردووە لە سەر خەبات بۆ مافە ڕەواکانی.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد هەروەها باس لەوە دەکات: ئەوەیکە جێگەی داخ و سەرسووڕمانە ئەوەیە کە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێدەنگە و هەندێک دەوڵەت پشتگیریی ئەم سیاسەتە دەکەن، لەکاتێکدا کە بە شاهێدیی هەموو لایەک کورد چالاکترین شەڕکەر دژی تێرۆریزمی داعشن.

ناوبراو لەو پێوەندییەدا باس لەوە دەکات کە؛ حیزبە کوردییەکانی هەموو پارچەکان بەرانبەر بەم تێرۆریزمی دەوڵەتییە بەهەموو شێوەیەک یەکگرتوو بن و دەوڵەتی تورکیە و ئێرانیش دەستی لێ هەڵگرن و پەیڕەوی دیالۆگ بکەن بۆ ئاشتی، کە کوردستان ئامادەیە بۆی.

هەروەها کۆمەڵگای نێونەتەوەییش پێویستە بێدەنگیی خۆی بشکێنێت و گوشار بۆ سەر ئەم ڕێژیمانە بێنن بۆ وەستاندنی سیاسەتی شەڕخوازی و دانیش بەمافی چارەنوسی نەتەوەی کوردا بنێن.

## مەجید حەقی:

# پ.ی.د دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکە و بۆ ئەوان بوونی ئیدئۆلۆژی لە پرسی نەتەوایەتی گرینگترە

**پ: سەرەتا شرۆڤەیەک لەسەر دۆخی سیاسیی زاڵ بەسەر ڕۆژئاڤای کوردستان بکەن و بفەرموون کە ئەو دۆخەی ئێستا دەرئەنجامی چییە؟**

**و:** بۆ ئەوەی بتوانین دۆخەکە بەجوانی تێبگەین و بیروڕایەکی تا ڕادەیەک لە دەرەوەی ئیحساسمان هەبێت، وا چاکە سەرنجێک بدرێتە پرسە ستراتیژییەکانی پێوەندیدار بە سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان، بە واتایەکی دیکە بە کورتی دەمەوێت باسی ستراتیژیی وڵاتانی پێوەندیدار بە تەنگژەی سووریە بکەم و لەو چوارچێوەیەدا بزانین کورد لە کوێی ئەو ستراتیژییەدا هەڵکەوتووە و چۆن دەتوانێت خۆی لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژییەدا بگونجێنێت.

سووریە وڵاتێکە کە ستراتیژی و بەرژەوەندیی چەندین وڵاتی بەخۆیەوە گرێداوە و هەرکام لەوان بە شێوەیەک پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، واتە دەکرێت سووریە بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بچووک ناو بنرێت. ئەگەر لەبیرتان بێت لە دەستپێکی بەهاری عەرەبیدا، بەشار ئەسەد لە هەڤپەیڤینێکی خۆیدا وتی: "ئەگەر لە سووریە شتێک وەک ئەوەی تونێس، میسر و لیبی ڕوو بدات، هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نێو شەڕدا نوقم دەبێت". بەداخەوە ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستە. هۆیەکەی ئەوە بوو کە سووریە شوێنی لێک گرێدانی بەرژەوەندیی وڵاتانی گەورەی جیهان و وڵاتە زلهێزەکانی ناوچەیی وەک ڕووسیە، ئێران، تورکیە، عەرەبستان و ئیسرائیلە. کەوابوو چارەنووسی ئەو وڵاتانە بەتایبەت وڵاتانی ناوچە بە چارەنووسی ئەسەد و ڕێژیمی سووریەوە گرێدراوە.

بۆ نموونە ئەگەر باسی پێگەی ڕووسیە لەو یەک دەیەی ڕابردوو لەو وڵاتەدا بکەین و زۆر دوور نەڕۆین، دەبینین کە دوای هێرشی ١١ی سێپتامبر و ڕووخاندنی هەر دوو ڕێژیمی تالیبان و سەدام، توندوتیژیی سیاسی و ئیسلامی لەو وڵاتانە پەرەی گرت، هەروەها تێرۆریزم و شەڕەکانی ناوچەییش پەرەیان پێدرا و بەمە ئەمریکا نفووزی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستیی سیاسیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەدەست دا.

لە بەهاری عەرەبیدا هەموو هەوڵی ڕووسیە ئەوە بوو کە پێش بە ڕووخانی ڕێژیمی لیبی بگرێت، کە سەرکەوتوو نەبوو، هەستی کرد بۆشاییەکی سیاسی و سەربازی لە سووریە هاتۆتە پێشێ، بۆیە لە سێپتامبر و ئۆکتۆبری ٢٠١٥ دا بە هێرشی هەوایی و مووشەکیی خۆی بۆ سەر دژبەرانی ڕێژیمی ئەسەد، توانی حزوورێکی چالاکتری لەوێدا هەبێت و ببێتە یەکێک لە یاریکەرانی سەرەکیی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت سووریە و کار بۆ ئامانج و ستراتیژیی خۆی بکات کە بریتین لە:

- گەڕاندنەوەی گەورەیی و هەستی گەورەیی ڕووسیە لە ناوچەدا و هەروەها پاراستنی بەرژەوەندیی ڕووسیە و بنکە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە لە سووریە.
- ڕاگرتنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسە پێوەندیدارەکان بە دەروازەکانی هەناردەکردنی وزەی نەفت و گاز بۆ دەرەوەی وڵات و دەور لێدانی ئورووپا کە پارتنێرێکی جێی متمانە بۆ ڕووسیە نیە.
- شەڕ دژی گرووپە ئیسلامییەکان، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ موسوڵمانانی چیچێن و ناوچە موسوڵمان نشینەکانی ڕووسیە.
- بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشەویستیی پووتین لە نێوخۆی ڕووسیە کە بە هۆی تەنگژە ئابوورییەکانی خەریک بوو نفووزی سیاسی خۆی لەدەست دەدا و هەروەها بەرفراوانترکردنی دەسەڵاتی ئەو لە نێوخۆی وڵاتدا بۆ گۆڕانی یاساکان. بۆ نموونە بەرلەوە سەرۆکی ناوچە فیدراڵییەکان لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردراو و بەهۆی شەڕە پێوەندیدارەکان بە دەرەوەی سنووری ڕووسیە و هەروەها "هەڕەشەی تێرۆریزم" ئێستا سەرۆکی ناوچە فیدراڵییەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن پووتینەوە دیاری دەکرێن.
- فرۆشی چەک و تەقەمەنی و گەشەی ئابووری لە وڵات.

ئەمریکا کە زیاتر لە ٧٠ ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نفووزی هەیە هەمان ئامانجی ڕووسیەی هەیە، بەو جیاوازییە کە ئەمریکا بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە وزەی نەوت و گازی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا هەیە.

ئامانجی درێژخایەنی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی بووشدا کە وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ناوزەد کرا، ئەوەبوو کە ڕێژیمەکانی ناوچە، دێموکراتیک بکرێن و ببنە هاوپەیمانی ستراتیژیکی ئەمریکا، بەڵام بە هۆی چەقبەستنی سیاسەتەکانی لە ئەفغانستان و عێراق و بەرزبوونەوەی هەزینەکانی حزووری ئەمریکا، بەرەبەرە لایەنگریی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دابەزیندایە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانیشدا، سووریە بۆ ئێران ڕێگای گەیشتن بە حیزبوڵڵای لوبنان و وەدیهێنەری هیلالی شیعە بۆ پەرەپێدانی بیری "هەنارده کردنی شۆڕش" ە کە کاتی خۆی لە لایەن خومەینییەوە ڕاگەیەندرابوو.

لەو پێوەندییەدا مانەوەی حکوومەتی سووریە بەرانبەرە بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی و بەرفراوانتر بوونی قووڵایی ستراتیژیی ئێران لە ناوچەدا. لە لایەکی دیکەشەوە سووریە خەتی پێشەوەی جەبهەی دژی ئیسرائیلی کۆماری ئیسلامی و دژی جیهانی سوننە بە ڕێبەریی سعوودی و تورکیەیە. هاوکات شوێنێکە بۆ بەکار بردن و تاقیکردنەوەی هەموو تاکتیک و ستراتیژییەکانی پێویست تا ئەگەر هاتو لە ئێران شۆڕشێک ڕووی دا، هەمان تاکتیکەکان دژی خەڵکی ئێران بەکار ببات. لەو پێوەندییەدا هەروەک لە حەلەب بینرا ستراتیژیی ئێران سەرکەوتوو بوو.

بە نیسبەت تورکیە، بەهۆی ئەوەی کە سووریە پاشماوەی عوسمانییەکانە و شوێنێکە کە بەشێک لە خەونەکانی ئەردۆغان لە پێوەندی لە گەڵ وەدیهێنانی ستراتیژی **٢٠٢٣**دا دەهێنێتە دی، زۆر چالاکانە پشتیوانیی لە بزاڤی ئۆپۆزیسیۆنی سوننە کرد تا بتوانێت تورکیە وەک زلهێزێک لە ناوچەدا نیشان بدات و ببێتە پارتنێرێکی بەهێز لە گفتگۆکانی ئەندامەتی لە یەکیەتی ئورووپا و ئیمتیاز وەرگرتن لە ناتۆ و هەروەها هاوپەیمانی لەگەڵ سعوودیی سوننە لە هەمبەر هیلالی شیعە. لە سۆنگەیەکی دیکەشەوە، ستراتیژی **٢٠٢٣**ی ئەردۆغان بۆ تورکیە پێویستی بە سەرچاوەی نەوت و گاز و ئاوەدان کردنەوەی زۆرتر هەبوو کە لەو پێوەندیەدا تا سووریە زۆرتر وێران بێت بە قازانجی ستراتیژیی ئەردۆغانە، چوونکە دەتوانێ هێزی ئەندازیاریی تورکیە بۆ دووبارە ئاوەدان کردنەوەی سووریە بەکار ببات.

ستراتیژییەکی گرینگی دیکەی تورکیە، پێشگیری لە پێکهاتنی هەرجۆرە سیستمێکی دێموکراتیک لە سەر بنەمای فێدراڵی یان ڕێزگرتن لە کەمایەتییە نەتەوایەتی و کولتوورییەکان بوو، ئەمە بۆ تورکیە بە واتای شیمانەی پارچەبوونی خودی تورکیە دەبیندرا، بۆیە تورکیە نەیتوانی تەحەمولی ئەوە بکات کە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا پێکەوە گرێ بدرێن و ببنە ناوچەیەکی سەربەخۆ یان خودموختار و لەو پێوەندییەدا ئەردۆغان هەوڵی زۆری دا کە داعش لە ڕۆژئاوا ئەگەر سەرکەوتووش نەبێت لانیکەم شکست نەخوات.

بۆ عەرەبستانی سعوودیش ئەوەی کە گرینگ بوو، دەسەڵاتی سوننە بوو بە بێ بەشداریی هەموو کەمایەتییە نەتەوایەتی و ئایینیەکان. چوونکە بوونی دێموکراسی و فرەچەشنی بە زیانی عەرەبستانە و هەبوونی سیستمێکی داخراوی سوننە، دەتوانێ چوارچێوەی ستراتیژیی ناوچەیی عەرەبستان کە خۆی بە ڕێبەری جیهانی سوننە دەزانێت بەرفراوانتر بکات.

بە کورتی ئەگەر لەو سۆنگەیەوە سەیری ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکەین دەتوانین پرسەکان جوانتر لێک بدەینەوە.

**پ: داخوا لابردنی ناوی ڕۆژئاوا لە سەر سیستمی سیاسیی ناوچەی خودموختار و ژێر دەسەڵاتی پ.ی.د هەڵەیە یان خۆسازدان و ڕازی بوون بە لانیکەمی مافەکانە؟**

**و:** بە بڕوای من تەمەنی ڕێژیمی ئەسەد لەوانەیە چەند ساڵێکی تر بخایەنێت و ئەگەر کورد خۆی لەگەڵ سیستمی نوێ نەگونجێنێت لەوانەیە ئەوەی هەیەتی، لەدەستی بدات. کاتی خۆی شەهید قاسملوو وتوویەتی: ئێمە نابێ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێز و ئەمریکا لە ناوچەدا لە مەترسی بخەین و دژی بەرژەوەندییەکانیان بوەستین. ئەوکات ئەو قسەیەی شەهید قاسملوو وەک سازشکاری و لایەنگری لە ئیمپریالیزم لێکدرایەوە و هەموو چەپەکان دەستیان کرد بە هێرش بۆ سەر د.قاسملوو.

ئێستا بە کردەوە دەرکەوتووە خۆگونجاندن لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێز دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئێمەش بپارێزێت، بۆیە من بۆخۆم لەو بڕوایەدام هەرچەند لە ڕووی ئیحساسییەوە لابردنی ناوی "ڕۆژئاوا" ناخۆش و بەژانە و پاشەکشەیەکی زۆرە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ناچاریی دەسەڵاتی کوردە بۆ ڕازی بوون بە لانیکەمی مافەکان.

دەبێ ئەمە لەبەرچاو بگرین کە کوردەکان لە سووریەدا تەنیا ٨٪ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دێنن و ناوچەی کوردستان لەوێ بەپێچەوانەی باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکپارچە نیە.

جیا لەوەش، پ.ی.د دەسەڵاتێکی ئایدئۆلۆژییە و بۆ ئەوان، بوونی ئایدیۆلۆژی لە پرسی نەتەوایەتی گرینگترە. لەو ڕووەوە ئەو هەنگاوەی ڕۆژئاوا ئەگەر دوو هەنگاو بۆ دواوە بێت، لانیکەم یەک هەنگاو لەو هەلومەرجەدا بەرەو پێشەوەیە. هەر چەند کە لە ڕووی ستراتیژیی بەرینی نەتەوایەتییەوە زۆر بە دڵی ئێمە و لە قازانجی ئەوەدا نیە کە باشووری کوردستان خەونی پێوە دەبینی بە نیسبەت سازکردنی پردێک لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوا بۆ گەیشتن بە ئاوەکانی دەریای سپی.

**پ: ڕێگەنەدانی حیزبە نەتەوەییە کوردییەکان لەلایەن پەکەکەوە لە ڕۆژئاڤای کوردستان دەگەڕێننەوە بۆچی ؟ ئێستا کە سیستمێکیان پێک هێناوە، چما ناهێڵن حیزبەکانی دیکە بەشداریی تێدا بکەن؟ پێتان وایە ئەوە بۆ چی دەگەڕێتەوە ؟**

**و:** ئەوانەی مانیفیستی دێموکراتیکی بەڕێز ئۆجەلانیان خوێندبێتەوە و هەروەها ئەوانەی بەرنامە و سیاسەتەکانی پ.ک.ک دەخوێننەوە، لەوانەیە ئاشنا بن لەگەڵ ئەوەی کە سیستمی حاکم لە ڕۆژئاوا، سیستمێکی بەتەواوی ئایدیۆلۆژی بوو کە جگە لە خۆی هیچ کەسیتری قەبوول نەبوو. ئەوان ناوی خۆیان مەجلیسی گەل، ناوی لایەنگرانی خۆیان بە "گەل" و نەیاران و ڕکەبەرانی خۆیان بە دژی گەل ناساندووە.

لەو ڕوانگەیەدا سیستمێکی دیکتاتۆریی لە جۆری دیکتاتۆریی پرۆلتاریا کە ئێستا ناوێکی دێموکراتیکیان پێوە زیاد کردووە، هێناوەتەوە مەیدان. سیستمە ئایدیۆلۆژییەکان تەحەمولی پلۆرالیزمی سیاسی ناکەن.

لە باشووری کوردستان سەرەڕای ئاڵۆزیی سیاسی، بەڵام بە حوکمی ئەوەیکە پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئایدیۆلۆژی نین، مەجالی چالاکی بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە هەیە، بەڵام لە ڕۆژئاوا لە ژێر سێبەری حکوومەتی پ.ی.د دا تەنانەت خاوەندارێتی تایبەتیش لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی ئەو حیزبانەدایە.

**پ: کەوابوو چەندە دەتوانین بڵێین کە پەکەکە وەکوو ئامراز کەڵکی لێ وەردەگیردرێت ؟**

**و:** سیاسەتەکانی پ.ک.ک لە سووریە بەشێک لە ستراتیژیی هیلالی شیعەیە کە کردەوەکانی زۆرتر وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە و ڕێژیمی سووریەیە. ئەگەر سەرنج بدەنە ئەدەبیاتی پ.ک.ک لە ڕاگەیاندندا و کاتێ ناوی ڕێژیمەکانی ئێران و سووریە دەهێندرێت، دەتوانین کۆدە هاوبەشەکانیان ببینین.

نامهەوێ بڵێم پ.ک.ک دژی کوردە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەسەر دوو جەمسەردا دابەشکراوە، پ.ک.ک بەرژەوەندییەکانی خۆی و لەوانەیە - گەلی کوردیش- لە بوون لەگەڵ جەمسەری شیعەدا دەبینێت. بە هۆی ئەوەی کە جەمسەری سێهەم یان شەپۆلی سێهەم لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر لاواز و بێهێزە و ناتوانێت نەخشێکی دیاریکەری هەبێت.

**پ: ئەوەیکە هەندێک هێزی کوردیش هاوشانی ئیتلاعاتی ئێران شەڕی ڕەوانی دژ بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات و لە بەرژەوەندیی عەرەبستان و... دا لێکی دەدەنەوە، چەندە پێوەندی بەو جەمسەربەندییەوە هەیە ؟!**

**و:** ئەو شەڕە ڕەوانییە بەشێکە لە پلانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی وا نیشان بدات کە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات سەر بە سعوودی و وڵاتانی دەرەوەیە. بۆیە ئەو هێزانەی کە ناڕاستەوخۆ ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی جێبەجی یان بەرژەوەندییەکانیان لەو ڕاستایەدایە، سروشتیە کە لە دژی حیزب و ئەندامانی پڕوپاگەندە بکەن و شەڕی ڕەوانی بەرەوپێش بەرن.

**پ: کەوتن لەگەڵ کام بەرەدا بە قازانجی کوردە؟**

**و:** کێشەکە لەوەدایە کە ئەمریکا و ئورووپا خەریکن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاشەکشە دەکەن، بۆ ئورووپا گرینگترین شت ئەوەیە کە پێش بە تەوژمی شەپۆلی پەنابەران بگرێت کە لەمە زیاتر ڕوو لە ئورووپا نەکەن و بە هۆی ئەوەیکە یەکگرتوو نین، خاوەنی ستراتیژییەکی دیاریکراو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نین.

ئەمریکا و سعوودییەش نێوان ساردییەک لە بەینیاندا هاتووەتە ئاراوە و سەرنجی ستراتیژییەکانی ئەمریکا خەریکە بۆ ناوچەکانی دیکە دەڕوات. لەو هەلومەرجەدا بۆ کورد و بۆ ئێمە زۆر گرینگە خاڵێکی نێوەڕاست بگرینە بەر و هەوڵ بدرێت سیاسەت و ستراتیژیی ئێمە جۆرێک تەنزیم بکرێت کە دژی ستراتیژیی هیچکام لە زلهێزەکان نەبێت و بگرە لە زۆر بوارەوە خاڵی هاوبەشی ستراتیژی ئەوانە بێت.

لەبیرمان نەچێت لەڕووی خاک و جوغرافیەوە، ڕووسیە لە ئێمە نزیکترە، چوونکە هاوسێمانە و زیاتر لە شەش میلیۆن کورد لە ڕووسیە و ناوچەکانی سۆڤیەتی پێشوو دەژین، کەوابوو دەبێ سیاسەتێک وەپێش بگرین کە نەبینە بەشێک لە لایەنەکان، بەڵکوو بەهرەی بەهینەیی لە کێشەکانیان وەرگرین و ستراتیژیی نەتەوایەتی خۆمان سەربەخۆیانە بەرەو پێش بەرین.

●

**تێبینی: ناوەرۆکی وەڵامەکان بیروڕای ڕێزدار حەقییە و کوردستان لێی بەرپرسیار نیە.**



**لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و گۆڕینی ناوی ڕۆژئاوا بۆ باکووری سووریە، مەجید حەقی وەڵامی چەند پرسیاری ئێمەی داوەتەوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.**

**وتووێژ: هەیبەت کامرانی پوور**

# دیدار لەگەڵ شەریف فەلاح

## نووسەر و چالاکی فەرهەنگی

**سازدانی: ژووری ڕۆژەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام**

**بەشی ٧**

**ڕۆژەڤ: ئایا زمانی کوردی توانیویەتی لە ئاستی ئەو هەڕەشە ستراتیژیکە دوور مەودایەی کە لە چوارچێوەی پیلانی ئاسیمیلەی نەتەوەی باڵادەستدا لەسەریەتی بەرگری بکات و بەجۆرێک ڕزگاری بێت لە فەوتان؟، ئایا لەو لایەنەوە هەوڵی ئەدیب و نوسەران لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لایەنە سیاسییەکان چۆن دەبینن؟ لەو پەیوەندییەدا پرۆژەی چالاکوانانی فەرهەنگیی کورد بۆ پرسی خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگەکان لە چ ئاستێکدا دەبینن؟ پرۆژەکانی چالاکوانانی فەرهەنگیی کورد لە ڕۆژهەڵات تا ئێستا چی بووە و چەند قۆناغی بڕیوە؟ ئەرکی چینی نووسەران و شاعیرانی ڕۆژهەڵات لەم نێوەدا چییە؟**

**شەریف فەلاح:** هەموو ئەو بانگەشانەی بۆ خزمەت بە ئایدۆلۆژیا و بەتایبەت زمانی باڵادەست و کولتووری فارسییە، هەر وەک وتم دانانی کەسێکی ئەمنیەتی - سیاسی بۆ پرسی کەمایەتییە نەتەوییەکان واتاکەی ڕوونە، واتە پرسی نەتەوەکان لە ئێران پرسێکی ئەمنی - سیاسییە و سەربازییە لە لای ئەوان هێڵی سوورە، بۆیە کەسێکیان داناوە کە پێشتر وەزیری ئیتلاعات بووە، ئەمە واتاکەی ڕوونە، بۆیە دەیانەوێ لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە خزمەت بە زمانی فارسی بکەن، زمانی فارسییش لە خزمەت ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدایە، هەموو پرسێک لە چوارچێوەی ئێراندا لە خزمەت پاراستنی سیستمی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدایە لەمە بەدەر هیچ کەسێکی بۆ گرنگ نییە، تەنانەت ئەوان کەسە نزیکەکانی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە لایان گرنگ نەبوو، چونکە بەرژەوەندیی ویلایەتی فەقیه دەکەوتە مەترسییەوە.

ئایا زمانی کوردی توانیویەتی لە ژێر سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن خۆی ڕزگار بکات؟ من پێم وایە تا ڕادەیەکی زۆر بەڵێ، چوونکە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی هەروەک پێشتر باسمان کرد تایبەتمەندیگەلێکی ژیاری و فەرهەنگی و لە ڕێگای ئەدەبیاتی زارەکییەوە لە زەین و ناخودئاگای کورددا جێگەیان گرتووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە هەوڵە چەواشەرییەکانی خۆی هەر بەردەوام بووە و لە هیچ پیلانێک درێغیی نەکردووە.

لەو پیلانانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ سڕینەوەی شوناسی ئێمە دایناوە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی جەوهەر و ڕەوایی خۆی لە نەبوونی بەرامبەرەکەیدا دەبینێتەوە، واتە سیستمی دەسەڵات ئەگەر لە بەرانبەری خۆیدا هێژموونییەکی فەرهەنگی و سیاسی و زمانی ببینێت خۆی لە مەترسیدا دەبینێتەوە، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی بیسڕێتەوە، کۆماری ئیسلامی نەهاتووە لە هەر ماڵێک یەک دانە مەئموور دابنێت و بە زەبری شمشێر بیهەوێت زمانی خۆت بەکار بێنێت، ئەو ئیزنی بە من و تۆ داوە زۆر ڕاحەت قسە و ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی خۆمان دەکەین لەناو کۆڵان، لەناو ماڵان و بازاڕدا ئازادین لەوە، بەڵام هاتووە لەڕێگای ئایدۆلۆژیای ڕاگەیاندنەوە لە ڕێگای سیستمی پەروەردەوە فکری من و تۆی بە لاڕێدا بردووە ئەندێشە و تێڕوانینی من و تۆی بەلاڕێدا بردووە، من و تۆ بە کوردی قسە دەکەین، بەڵام ئەندێشە و بیرکردنەوەمان فارسییە، من و تۆ بە فارسی لێمان دەدەن، بەڵام بە کوردی دەگیرین، کاتی خۆی (ئیبراهیم یوونسی) نووسەری کوردی فارسی نووس دەیوت "منداڵانی کورد لە قوتابخانەکانی ئێران بە فارسی لێیان دەدرێت و بە کوردی دەگرین)، ئەمە تراژیدیایەکی زۆر گەورەیە، هەڵگری واتایەکی زۆر قووڵە بۆ؟ چوونکە ئێمە تەنانەت بیرکردنەوەمان فارسییە، قسەی ئاخاوتنی ڕۆژانەمان کوردییەکی تەژی لە فارسییە، واتە چۆن دەڵێم فارسییە؟ کوردیە بەڵام شێوازی ڕێزمانی و دەربڕینی و دارشتنی فارسییە و واتایەکی فارسی و غەیر لە فەرهەنگی من و تۆی تێدایە، ئێمە دەبێ ئەمە نەهێڵین، چۆن دەکرێ ئەمە نەهێڵین؟ تەنیا لە ڕێگای زمانەوە دەکرێت و دەگەینە ئامانجی خۆمان.

چالاکوانان و ڕۆشنبیرانی کورد کە ئێستا ئەم پرۆژەیان پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی کردووە، تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئێستا، ئەمە هەر لە دەیەکانی شەستی هەتاوییەوە چالاکانی فەرهەنگی کورد کە بینیان کۆماری ئیسلامی خەریکی سڕینەوەی زمانی کوردی و لەخشتەبردنی فەرهەنگی کوردە، بە شێوازێکی خۆڕسک و لە دەرەوەی سیستمی پەروەردەی ئێران دەستیان کردووە بە چالاکیی فەرهەنگی و هەر لە دانانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە لە ساڵانی ١٣٦٨ەوە بگرە هەتا چالاکییەکانی دیکە، یان دروستبوونی (ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبی) و گۆڤاری سروە لە ورمێ کە مامۆستا هێمن ئەدیب و شاعیری ناسراوی کورد داینا، هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئامانجی دیکەی لێ هەبووە و لە کاتی خۆیشی لەلایەن ئەحزابی کوردییەوە بە خراپ لێکدانەوەی بۆ کرا و بە جۆرێک وتیان لە خزمەتی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدایە، هەرچەند نیەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە سەرپۆش لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد دابنێت، بەڵام زیرەکیی مامۆستا هێمن و ئەو کەسانەی لەگەڵیدا ئیشیان دەکرد (سرووە) بووە دەستپێکی قۆناغێکی گرنگ لە ڕاسانەوە و بووژانەوەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.


لە ڕاستیدا پرۆسەی گۆڤاری (سرووە)، دەتوانین وەکوو یەکەم بنەماکانی چەکەرەکردنی زمان، یەکەم بنەماکانی داڕشتنەوەی فەرهەنگی کوردی و دانانی بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبیی کوردی پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەقەڵەم بدەین. ئەو کارە گرنگەی کە گۆڤاری سرووە و ئەو پێشمەرگە فەرهەنگییانەی کە لە پشتی بوون و بەڕێوەیان دەبرد، هەموو پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی کردە بڵقی سەرئاو، تەواوی ناوەرۆکی گۆڤاری سرووە بێجگە لە سەروتارەکەی، هەموو لە خزمەتی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردیدایە، ئەگەر ڕۆژێک بێت و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو پارچەکانی کوردستان بنوسرێتەوە، بەبێ ناوهێنان و بەبێ ئاماژەکردن بە مێژووی پڕشنگداری گۆڤاری سرووە، هیچ واتایەکی نییە.

ئەو قوتابخانەیەی کە سرووە دایمەزراند، پاشان بوو بە هەوێنی دروستبوونی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە هەموو شار و شارۆچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە پیمان وایە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لەلایەن ئیرشادی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەچوو، نەخێر تەنیا بە ڕواڵەت ساڵانە مانگانە پەنجا هەزار تمەنیان بە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان دەدا کە ئێستاش خەرجی مانگانەی منداڵێک ناکات، ئەو ئەنجومەنانە بە بەرنامەی هەفتانەی خۆیان و بە ڕێکخستنی کلاسی نافەرمیی زمانی کوردی، قوتابخانەی بووژاندنەوەی زمانی کوردیان لە ڕۆژهەڵات دامەزراند، دەیان و سەدان چالاکی فەرهەنگی و ئەدیب پێگەیشتن کە هەموویان قوتابی و شاگردی ئەنجومەنەکانن و ئێستا لە کەڵە نووسەرانی کوردن و هاوکات چالاکی سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی لەناو جەرگەی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە سەریان هەڵداوە.

بۆیە من پیم وایە ئەو ڕەوتە خۆڕسکە ئاساییەی کە لە دەرەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ خزمەت بە زمانی کوردی دروست بووە، بەرهەمی ٣٧ ساڵ خزمەتی هەموو چالاکانی فەرهەنگییە، نەک خزمەت و هەوڵی چەند کەسێک کە تەنیا بە ڕەنجی سەرشان و بە شانازیی ئەوانی بزانین، دیارە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو کەسێک جێگای پێزانین و ڕێزە، بەڵام ئەم پرۆسەیە زەختێکی ٣٧ ساڵەیە کە لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبووە کە ئێستا خەریکە دەگاتە بەرهەم، ئەو کەسانەی ئەم پرۆژەیان دارشتووە و من دەیانناسم و لە دڵسۆزییان لە توانایی و لە نیەتی خێریان هیچ شک و گومانێک نییە، لە بەرانبەردا نییەتی کۆماری ئیسلامی شەقکردنی زمانی کوردییە، من پێم وایە سەرەنجام ئەم پرۆژەیە دەڕواتە لای ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و لەوێدا بە ناقازی و بە بەرتەسک کردنەوەی پەسەند دەکرێت و زۆر خاڵی گرنگی لێ لادەبرێت و ناوەرۆکەکەی دەبێتە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی، و بەشێکی زۆر بەرتەسکی دەبێتە مێژووی ئەدەبی کوردی کە ئەویش لە ژیاننامەی شاعیرەکان زیاتر تێناپەڕێت.

ئەوانەی کە من دەیڵێم ئەوە تێگەیشتن و تێڕوانینی منە و نابێ بە شێوازیکی موتڵەق چاوی لێ بکرێ، ڕەنگە من کە ١٥ ساڵە لەو کۆمەڵگایە دوورم و نازانم، یا خویندنەوەی من خراپە بۆ کۆماری ئیسلامی، یان ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بۆیە من هیوادارم بەهەڵەدا چووبێتم، هیوادارم نییەتی کۆماری ئیسلامی خێر بێت، بەڵام ئەوەی من تا ئێستا بینیومە و تێگەیشتبێتم تێڕوانین و ئایدیای سەرانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت زمان و فەرهەنگی کوردی هێڵی سوورە، نییەتی تەنیا شەقکردنی کۆمەڵگای کوردییە و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە، بۆچی ئێستا لە پێنج پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە پارێزگای سنە پرسی زمانی کوردی هێناوەتە بەرباس، ئەمە ناوەرۆکی ئامانجە سەرەکییەکەی ئێرانە کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم.

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە فکرێکی لەناو جوغرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێ‌خستووە، کە دەڵێ (ئوستانی کوردستان)، مەبەستی ئەوەیە کە چوار پارێزگاکەی تر (کرماشان، ئیلام، ورمێ و لوڕستان) واتە چوار پارێزگای گەورەی کوردستان پێیان بڵێی (مناطق کردنشین) واتە ناوچەگەلێکن کە کورد تێیدا نیشتەجێ بوونە و لە بنەڕەتدا خاک و موڵکی کورد نین، لە ڕوانگەی ئێرانەوە تەنیا ئەو شوێنەی کە هەمووی کوردە تەنیا پارێزگای (کوردستان) ە کە ئێمە پێی دەڵێین (سنە)، هێنانە بەرباسی ئەو باسە تەنیا لەو پارێزگایە جەوهەری نییەتی کۆماری ئیسلامیە و دەیهەوێ تۆوی دووبەرەکی لە نێوان ناوچەکانی دیکە و پارێزگای سنەدا دروست بکات، واتە کێشەی جیاوازی و شێوەزارە ناوچەییەکان، هەروەها پرسی جیاوازیی دینی بورووژێنێ، دەیهەوێ لێرەوە بگات بەو مەبەستەی خۆی کە هەمان بە ئەنجام نەگەیشتنی پرسی زمانی کوردیە، لەسەرووی هەموویەوە دەیهەوێ بیروڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلاڕێدا بەرێت، دووریان بخاتەوە لە جەمسەری کێشە سیاسی و نەتەوەییەکان کە ئامانجی سەرەکیی کوردە، کە ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین لە نەتەوەی فارس.




## ڕاسانی پێکەنین و تووڕەیی

تا چاو هەتەر دەکا
پێکەنینت دەبینم / تووڕەییشت...
پێکەنین و تووڕەییت / ناونیشانی وام پێ دەدەن / کە دەبێ هەر لە دەوروبەری خۆیان / گۆشەئاسمانێک هەبێ / شینتر لە ئاسمانی بانسەرمان
لەوێ چەکەکەت پەیکەرێکە لە مەیدانی پێکەنین دانراوە / ڕەشبەڵەکی ڕەنگە دڵخوازەکانی هەموانی لە دەورە گیراوە / ئەوێ شارێکە من تێیدا بڵاو دەبمەوە / ئەمسەرەوسەری شەقامێکی تێدا نییە دەردەبەدەرم کا


**سامال ئەحمەدی**

لە زستان و سەهۆڵبەندانی باشوور دا
بەهارێک
لە هەناوی مندا
باڵا ئەکا
لێرە
لە نێوان دابەشکاری ڕەنگەکان دا
چاوەکانی من
تەنیا ئازارەکانی تۆ ئەبینێ
من ئێستایش
هەر خەون بە تاقە دار و
شمشاڵە بێ نازەکەی قالەمەڕە و
چوار چرا و
کانی عاشقانەوە*
ئەبینم
سەیرە گەر پێت وابێ
یاخی بوون دەستەمۆ ئەکرێ و
تفەنگ گۆرانی بیر ئەچێتەوە!

**هیوامیرزایی**

بێ‌شرۆڤە

مانا نەیێستانی



KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 692 ▪ 4 jun 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia



## حوکمی زیندانی هەتاهەتایی والی دروودی هەڵوەشایەوە

دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێران بڕیاری داشکاندنی حوکمی چالاکێکی سیاسیی کوردی لە گرتووخانەی یەزد پەسند کرد.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، حوکمی زیندانی هەتاهەتایی والی دروودی بۆ ٢٥ ساڵ زیندان کەم کرایەوە.

ئەو هاووڵاتییە کوردە کە ئێستا لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری یەزد ڕاگیراوە، زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە ئێران دەستبەسەرە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆخی ئەو چالاکە سیاسییە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: پاش چەندین نامە و داواکاریی والی و بنەماڵەکەی بۆ پێداچوونەوە بە حوکمی هەتاهەتایی ناوبراو، سەرەنجام کۆمیسیۆنی لێبووردنی دەزگای دادوەری ڕەزامەندیی لەسەر داشکاندنی حوکمەکەی بۆ ٢٥ ساڵ دەربڕی.

لێبووردن و لێبوردەیی بۆ زیندانیانی سیاسی لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا تەنیا لە ئەستۆی عەلی خامنەییە کە بە پێشنیاری دەزگای دادوەری ڕەزامەندیی لەسەر دەدات.

والی دروودی بەفرانباری ساڵی ٩٣ دوای ١٨ ساڵ زیندانی بوون، مەرەخەسیی ٨ ڕۆژەی پێدرا و گەڕایەوە بۆ کامیاران.

ئەو زیندانییە کوردە خەڵکی گوندی "چرۆسانە"ی سەر بە شاری کامیاران، یەکێک لە زیندانیانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بووە، ساڵی ١٣٧٢ لە زیندان ئازاد کرا و دواتر لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویدا بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان سەرلەنوێ دەستبەسەر کرایەوە.



## دۆخی ژنانی کوردی زیندانی لە زیندانییەکانی دیکە خراپترە

لە ئێستادا ١٦ ژن و کچی کورد لە گرتووخانەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا بەتاوانی چالاکیی سیاسی زیندانی کراون.

ژنانی زیندانیی سیاسی کورد لە گرتووخانەکانی ئێران دۆخێکی زۆر خراپتریان لە باقی زیندانیان هەیە و ڕۆژانە بەرەڕووی سووکایەتی، بێڕێزی و جوێندان لەلایەن بەرپرسانی دادوەری و ئینتیزامی دەبنەوە.

ناوی ئەو ١٦ ژنە گیراوە بریتییە لە: هاجەر پیری، سوودابە حەسەنخانی، سوهەیلا مینایی، فەریدە خۆشنام، ئەفسانە بایەزیدی، گوڵناز ئاهەنگخۆش، ڕازیە حەکیمی، ڕۆژین پایا، قەدریە قادری، ئەسرین ئەمینزادە، سافیە سادقی، شەهلا محەممەدیانی، لاوێن کەریمی، پەرستوو حاجیان، زەینەب جەلالیان، مریەم موقەدەسی.

ئەو ژنانە، زۆربەیان لە کوردستان دوورخراونەتەوە و لەهەر چەشنە چاوپێکەوتن، مەرەخەسی و بوونی پارێزەر بێبەش کراون و سەرەڕای بڕینەوەی سزا، بەڵام ڕۆژانە لە گرتووخانەکاندا تووشی لێپێچینەوە و ئازاردان دەبنەوە.

دوازدە کەس لەو ژنانە سەرجەم بە ٩٤ ساڵ زیندان حوکم دراون و سێ کەسی دیکەش چارەنووسیان ناڕوونە و کەسێکی دیکەش سزای هەتاهەتایی هەیە.

هەروەها ئەوان پاش دەستبەسەرکرانیان لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە، بۆ ماوەی چەندین حەوتوو لە ژووری تاکەکەسیی ناوەندە ئەمنییەکان ڕاگیراون و دۆسیەی سیاسی ـ ئەمنییان بۆ درووست کراوە.

لەنێو ئەو ژنانەدا، ٣ کەسیان خوێندکار، یەک کەسیان ئەندازیاری کامپیوتێر و یەک کەسی دیکەش مافناسە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا؛ "هەوڵی هۆڤانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دژ بە ژنانی زیندانیی و داکۆکیکارانی مافی ژنانی" مەحکووم کرد.



## مامۆستایەکی ئایینیی کورد بە زیندان و دوورخرانەوە مەحکووم کرا

دادگای تایبەت بە مامۆستا ئایینییەکان لە شاری تەورێز، بۆ یەکێك لە مامۆستایانی سوننی مەزهەبی خەڵکی ورمێ حوکمی زیندان و دوورخرانەوەی دەرکرد.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی بەفرانبار لە شاری تەورێز مامۆستایەکی ئایینیی کورد، پاش ئەوەی کە بۆ دادگای تایبەتی ڕۆحانییەتی ئەو شارە بانگهێشت کرا، دەستبەسەر کرا و بۆ زیندانی ناوەندی گوازرایەوە.

مەلا ڕەزا عەبدی لە دادگای تایبەتی ڕۆحانییەت بە ٦ مانگ زیندانی تەعزیری و ٢ ساڵ دوورخرانەوە لە شاری ورمێ مەحکووم کراوە.

یەکێك لە کەسوکاری مامۆستا ڕەزا عەبدی لە وتووێژیکدا لەگەڵ ئاژانسی کوردپا ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە؛ ناوبراو لە دادگای تایبەت بە ڕۆحانییەت ئامادە بووە و دەستبەجێ ڕەوانەی زیندان کراوە.

دادگای تایبەت بە ڕۆحانییەت لە ژێرچاوەدێریی ڕاستەوخۆی عەلی خامنەیی ڕێبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندایە و بەرپرسی سزادانی قەزایی ئەو مامۆستایانەیە کە ڕەخنەگر یان دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانن.

پێشتر ئەو مامۆستا کوردە بەڕێوەبەری قوتابخانەی زانستە ئایینییەکانی سەلاحەدین ئەیووبی لە شاری ورمێ و هەروەها پێشنوێژی مزگەوتی قودسی شارۆچکەی ئیسلام ئاوای ئەو شارە بووە.

بەپێی هەواڵی سەرچاوەیەکی ئاگادار، نوێنەری وەلی فەقیە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ لەو مامۆستا ئایینییە نارازین.

پێشتر ئاژانسی کوردپا ناوی لانیکەم ٩ زانای ئایینیی کوردی بڵاو کردبووەوە کە لە سەر بڕیاری ئیدارەی ئیتلاعاتی پارێزگای ورمێ لە سەر کارەکەی خۆیان وەکوو مامۆستای ئایینی وەدەرنرابوون.



## لاوێکی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بەخشرا

بە هەوڵ و بەدواچوونی کۆمەڵێک لە چالاکان و هاووڵاتییانی شاری سنە لاوێکی ئەو شارە کە لەمێژ بوو حوکمی ئێعدامی لەلایەن دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ براوبوویەوە، لەلایەن بنەماڵەی کوژراوەکەوە بەخشرا.

«هێمن هەورامی نژاد» تەمەن ٢٤ ساڵ خەڵکی شاری سنە، کە حەوت ساڵ پێش حوکمی ئێعدامی لەلایەن دەزگای دادوەرییەوە بۆ بڕابوویەوە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانبار، گیانی نوێی پێ بەخشرا.

هێمن هەورامی نژاد، بەهۆی شەڕ و کێشە لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی بە ناوی «پوویا ئەبولقاسمی» چەند زەربەیەکی چەقۆی لێدابوو، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی هاوڕێکەی.

هەواڵدەریی «تابناک» کوردستان لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە کە؛ بە هەوڵی چالاکان و هاووڵاتییانی شاری سنە، بنەماڵەی کوژراوەکەیان قەناعەت پێهێناوە لە بەخشینی قاتڵی کوڕەکەیان و بەمشێوەیە هێمن هەورامی نژاد لە مردن ڕزگاری بوو.

دیوانی باڵای ئێران، ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، حوکمی ئیعدامی بە تاوانی کوشتن (قەتڵی بە ئەنقەست)، بۆ «هێمن هەورامی نژاد» بڕیبووەوە.

«قەساس» لە یاسای حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا، بۆ سزای کوشتنی بە ئەنقەست لە بەرچاوگیراوە و بەڕێوەبردنی ئەو حوکمە بە مافی خاوەن کوژراوەکە بە ئەژمار دێت و ئەویش سەرپشکە لە جێبەجێکردنی، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمە.

هێمن لەدایکبووی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوییە و لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا، تەمەنی ١٧ساڵ بووە.

سیمین چایچی چالاکی کۆمەڵایەتی و ئەندامی شۆرای خەڵکیی کەمپەینی لێبوردن کە یەکێکە لەو کەسانەی بنەماڵەی کوژراوەکەی بە قەناعەت گەیاندووە لەمبارەوە بە هەرانای گووتووە: ئەمە سێهەمین جارە کە ئێمە توانیومانە ڕەزایەتی لایەنی سکاڵاکەر وەربگرین؛ لەماوەی ٦ ساڵی ڕابردوودا بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەندامانی شۆرا و هەروەها چالاکانی کرێکاری و چالاکانی مەدەنی و کەسانی خاوەن پێگەوجێگەی شاری سنە توانیمان ڕەزایەتی بنەماڵەی ئەبۆلقاسمی وەربگرین.

ئەم بڕیارەی باوکی پویا ئەبۆلقاسمی، بووە هۆی شادمانی خەڵکی شاری سنە و خەڵک و چالاکانی مەدەنی لە شوێنی گکڵکۆی پویا کۆبوونەوە و گۆڕەکەیان گوڵباران کرد.